ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕووداو
Rudaw Research Center
مركز دراسات رووداو

# لەمپەرە یاساییەکانی بەشداریکردنی ئافرەتان لە کایەی سیاسیدا



# لەمپەرە یاساییەکانی بەشداریکردنی ئافرەتان لە کایەی سیاسیدا

د.ژاڵە سەعید یەحیا خەتات
و: ڕۆژگار عەلی

ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕووداو
Rudaw Research Center
مركز دراسات رووداو

# لەمپەرە یاساییەکانی بەشداریکردنی ئافرەتان لە کایەی سیاسیدا

د.ژاڵە سەعید یەحیا خەتات
و: رۆژگار عەلی

## پێشەکی

مانا هاوچەرخەکەی چەمکی بەشداریکردنی سیاسیی ئافرەتان دوو لایەنی گرنگ لەخۆدەگرێت: یەکەم لابردنی ئەو ئاستەنگە یاسایی و ئیداری و کۆمەڵایەتییانەیە کە بوونەتە لەمپەر بۆ بەشداریکردنی ئافرەتان لە پۆستە باڵاکانی سەرکردایەتیکردن و بەڕێوەبردندا. لایەنی دووەم پەیوەندیی بە گرتنەبەری ڕێوشوێنێکی سیاسییەوە هەیە کە پاڵپشت بێت بۆ بەشداریکردنی ئافرەتان و هەلی بەردەمیان زیادبکات جا لەسەر ئاستی بەرزکردنەوەی توانایان بێت یان بەپلەی یەکەم بەکارهێنانی تواناکانیان لە بەرژەوەندیی ئافرەتان خۆیان بێت. بەوپێیەش دەکرێت ئەم توێژینەوەیە لەوەدا چڕ بکرێتەوە کە سەرەڕای ئەوەی ئافرەتان وەك پیاوان هەمان مافە سیاسییە سەرەکییەکانیان بۆ دەنگدان و خۆبەبژێرکردن لە هەڵبژاردنەکاندا هەیە، کەچی ژمارەیەکی زۆر کەمیان توانیویانە بگەنە دەسەڵات و پۆستە باڵاکان یان توانیبێتیان کاریگەریی کارایان لەسەر دروستکردنی بڕیارە کوردستانییەکان هەبووبێت. دەبێت هۆکاری ئەمانە لە ڕوانگەی بزوتنەوەی ئافرەتانەوە چی بێت؟ ئایا میکانیزمە پێشنیازکراوەکان بۆ ئەمە چییە، ئایا سیستمی کۆتا

یەکێکە لە چارەسەرەکان تا بەهۆیەوە بتوانرێت تەوقی جیاکاریی رەگەزی لە دامەزراوەکانی دەوڵەت و ناو حزبە سیاسییەکان بشکێت و دواجار بتوانرێت واقعی ئافرەتانی کوردستان لە رووی سیاسی کۆمەڵایەتییەوە بگۆڕدرێت؟

لەم سۆنگەیەشەوە، گریمانەی ئەم توێژینەوەیە بۆئەوە سەریهەڵداوە تا جەخت لەسەر ئەو بیرۆکەیە بکاتەوە کە دەوڵەتی هاوچەرخ، دەوڵەتێکی بەتریکی (باوکسالاریە)، چونکە لەناو دامەزراوەکانی دەوڵەت بە گشتی و حزبە سیاسییەکان بەتایبەتی، ئافرەتان لە ناوەندەکانی دەسەڵاتی بڕیاردانادا نین. لەپێناو ئەوەش کە گۆڕانکاری لە پێکهاتەی دامەزراوەکانی دەوڵەت و ژێرخانی فیکریدا بکرێت، دەبێت لەسەر ئاستی سیاسی و لەرێگەی چەندین میکانیزمەوە ئافرەتان توانادار بکرێن. بەتایبەت لە سیستەمی کۆتای ناو حزبە سیاسییەکاندا، چونکە ئەوە بازنەی راستەقینەی درووستکردنی بڕیارە سیاسییەکانە کە لە دواویستگەدا دەبێتەهۆی بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی یەکسان. لەچوارچێوەی چارەسەرکردنی ئەو گرێیەشدا، ناوەڕۆکی ئەم توێژینەوەیە دابەش دەکەینەسەر سێ تەوەری سەرەکی: یەکەم هەوڵدەدەین سەرنج بخەینەسەر ژێرخانی فیکری بۆ بەتواناکردنی ئافرەتان لەرووی سیاسییەوە، پاشان لە تەوەری دووەمدا واقعی دۆخی مافەکانی ئافرەتان لە ناوچەی عەرەبی باسدەکەین و تیشك دەخەینە سەر ئەو گۆڕانکارییانەی کە بەهۆی میکانیزمەکانی بەزرکردنەوەی توانای سیاسی بەگشتی و سیستمی کۆتا بەتایبەتی دروستبوون. لە تەوەری سێیەمیشدا کار لەسەر خوێندنەوە بۆ واقعی دۆخی بەشداریکردنی ئافرەتانی کوردستان لە دامەزراوەکانی بڕیاردانانی حزبی و سیاسی دەکەین، ئەوەش بە ئامانجی رێخۆشکردن بۆ پرۆژەیاسایەك کە بەشداریی سیاسیی ئافرەتان لە هەرێمی کوردستان کارا بکات.

## 1
## بەتوانا کردنی ئافرەتان لە بواری سیاسیدا

ئەوکاتەی کتێبەکەی خاتوو (ماری وۆڵستۆنکرافت) بەناوی (بەرگری لە مافی ئافرەت) لە ساڵی 1792 دەرچوو، سەرەتایەك بوو بۆ هەنگاونانی بزوتنەوەی ئافرەتان بەشێوەیەکی رێکخراو بەرەو داواکردن بۆ بەدەستهێنانی

چەند ماف و ئازادییەکی سەرەکیی تاکەکەسی بۆ ئافرەتان کە هاوشێوەی پیاوان بۆیان برەخسێت. هەندێك لەو مافانە پەیوەندییان بە خۆشگوزەرانیی ئافرەت و ئەو شایستانەوە هەیە کە لە بەرژەوەندیی ئافرەتاندان، هەندێك لە مافەکانی دیکەش خۆیان لە بەتواناکردنی ئافرەتان و ئازادکردنی ئیرادە و تواناکانیاندا دەبینێتەوە. بۆیە ئەم کتێبە تەنانەت تا ماوەیەك لەمەوبەریش وەك (مانیفێستۆی بزووتنەوەی ئافرەتان) هەژماردەکرا. بەڵگەش بۆ ئەمە ئەوەیە کە ئەرکی بزوتنەوەی ئافرەتان و چالاکییەکانی ئەوە بوو کە بەپلەی یەکەم جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە پێویستە کار لەسەر باشترین شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ ئافرەت بەراورد بە پیاو بکرێت، لێرەشەوە زیاتر چاوخرایەسەر خۆشگوزەرانیی ئافرەت. دواتر لە سەرەتای سەدەی بیستەم بازنەی ئەم ئامانجە فراوان بوو و لە (یەکسانی و خۆشگوزەرانی)یەوە بوو بە (دەنگدان و خۆبەربژێرکردن)، ئینجا لە نیوەی دووەمی سەدەی بیست بە پێویست زانرا بازنەکە بۆ بەدیهێنانی (دادپەروەری و بەتواناکردنی ئافرەتان تێپەڕێت(أمارتیا صن، التنمیة حریة،2004، ص ص 208- 209).

ئاراستەی هاوچەرخی ئافرەتان لە بواری چۆنیەتی رەخساندنی دادپەروەری و یەکسانیدا لە کۆمەڵگە، بەوە جیادەکرێتەوە کە ئاراستەیەکی پڕ لە دڵەڕاوکێ و دوودڵییە، چونکە باوەڕوایە کە مامەڵەکردنی ژن و پیاو بەشێوەیەکی یاسایی و یەکسان و وەك یەك، چیتر کاریگەری نییە بۆ بەدیهێنانی یەکسانییەکی کاریگەر لەنێوان ئەو دوو رەگەزەدا. بەجۆرێك ئەو ماف و ئازادییانەی کە دژبە جیاوازیی رەگەزی بوون و لە ساڵانی شەستەکان و حەفتاکانی سەدەی رابردوودا لە ئەوروپا و ئەمریکای باکور بەدەستهاتن، ئەمڕۆ لە گۆشەیەکەوە تەماشا دەکرێن کە سوودیان نییە، چونکە ئەو ئازادییانە شکستیان هێنا لەوەی بەهۆیانەوە تایبەتمەندیی رەگەزیی ئافرەتان لەبەرچاو بگیرێت. ئەمە جگەلەوەی کە دۆخی مێژوویی ئافرەت لە دۆخی پیاو جیاوازە. ئەگەر بە نمونە هەموارکردنەوەی یاسای کار وەربگرین کە باس لەوەدەکات کرێ بۆ کارە لەیەکچووەکان یەکسان بێت،

دەبینین رێژەی سەرکەوتنی ئەو هەموارکردنەوەیە کەم بوو، چونکە لە بنەڕەتدا ژن و پیاو لە هەردوو کەرتی گشتی و تایبەتدا کارەکانیان تا رادەیەکی زۆر لەیەك جیاوازە(کیت ناش،2013، ص 301.). بە واتایەکی دیکە، ئافرەتی هاوچەرخ ئەو بیرۆکەیە رەتدەکەنەوە کە دەڵێت مافەکانی مرۆڤ بۆ ئافرەت مافی تایبەتی "خودی" ئافرەت نین، واتە مافێك نییە کە تایبەت بێت بە ئافرەت بەپێی ئەوەی کە رەگەزەکەیان جیاوازە، بەڵکو زۆر بە سادەیی مافەکانی ئافرەت مافەکانی مرۆڤە بۆ هەموو ئادەمیزاد کە بەبێ جیاوازی بۆ ئافرەت و پیاو دەبێت.

لە بەرامبەریشدا ئافرەتانی هاوچەرخ پێیانوایە: هۆکاری ئەوەی ئافرەت دەبێت مافی تایبەتیی خۆی هەبێت کە، بووتە بابەتێك بۆ پەیماننامەیەکی تایبەت یان پرۆسەیەك کە تایبەت بۆ ئافرەت جێبەجێ بکرێت، وەك پەیماننامەی سیداو، ئەو دۆخە مێژووییەیە کە لە زۆربەی کۆمەڵگا مرۆییەکاندا ئافرەتان توشی جیاکاری و چەوساندنەوە و توندوتیژی دەبێتەوە، ئەوەش پێویستی بە گرتنەبەری رێوشوێن بۆ نەهێشتنی ئەو جیاکارییە هەیە، لەگەڵ رێوشوێنی دیکە بۆ پاراستنی بەرژەوەندییە سەرەکییەکانی ئافرەتان و پاراستنیان لەو مەترسیە چاوەڕوانکراوانە کە بەردەوام رووبەڕووی ئافرەت دەبنەوە. "تێڕوانینی راستی مافەکانی مرۆڤ بۆ ئافرەت ئەوەیە کە بایەخێکی تایبەت بە ئافرەتان بدرێت، چونکە چەند بەرژەوەندییەکی گرنگی ئافرەت رووبەڕووی چەند جۆرێکی جیاواز لە جیاکاریی کۆمەڵایەتی و کولتووری دەبێتەوە"، لەوانە: بازرگانیکردن بە ئافرەت و دەستدرێژی و گێچەڵی سێکسی و جیاکاری لە بواری کاردا(سلسلة عالم المعرفة، العدد 421).

لەسەر ئەو بنەمایە و لەپێناو پتەوکردنی رێوشوێنەکان بۆ پاراستنی بەرژەوەندییە سەرەکییەکانی ئافرەتان، رێکخراوە هاوچەرخەکانی ئافرەتان مافە کۆمەڵایەتییەکانی وەك (مۆڵەتی

دایکایەتـی، دامەزرانـدن، هاوکاریـی حکوومـی، چاودێریـی تەندروسـتی، بیمـەی بێـکاری) و مافـە سیاسـییەکانی ئافرەتانیـان بـە گشـتی پێکـەوە بەسـتوتەوە.

ئافرەتـی هاوچـەرخ گفتوگـۆ لەنێوخۆیانـدا دەکـەن و دەڵێـن دەسـەڵاتی ئافـرەت لـە کۆمەڵگـەدا لـە دەسـەڵاتی پیـاو کەمـترە، لەبـەر ئـەم هـۆکارەش دەوڵەتـی خۆشـگوزەرانی Welfare State کەوتوەتـە دوای دەوڵەتـی بەتریکیـی پیاوسـاڵاری بەجۆرێـك هاونیشـتمانیبونی ئافرەتـان بوەتـە پلـە دوو بگـرە لەوانەشـە پلـە سـێ بـن. هـۆکاری ئـەوەش نەبونـی ئافرەتـە لە دەسـەڵاتی بڕیاردان لەنـاو خـودی دەوڵەتـی خۆشـگوزەران و هەروەهـا نوێنەرایەتیکـردن لـە دامـەزراوە حکومییەکانـدا واتـە بەشـداریکردنی سیاسـی، ئـەوە لـە بازنـەی بڕیاردانەکانـی نـاو حـزب و رێکخـراوە سیاسـییەکان، هـەر باسـی مەکـە. لەمەشـەوە دڵنیادەبینـەوە لـەوەی وێـڕای ئـەوەی ئافرەتـان بـە ژمارەیەکـی زۆر لـە کەرتـی گشـتی دامـەزراون، لـە کەرتـی تایبەتیشـدا هـەروان، ئەمانـە پلـەو پۆسـتێکن کـە لـە ژێرخانـی بیرۆکراتیـدا کاریگـەر نیـن و توانـای کاریگەرییشـان لـە دروسـتکردنی بڕیارێکـدا نییـە بەجۆرێك کـە پەیوەندیـدار بـن بـە چۆنێتیـی رێکخسـتنی دامـەزراوەکان و چۆنێتـی بەڕێوەبردنی(کیـت نـاش، مصـدر سـابق، ص ص 303– 304).

ئەمە بەشبەحاڵی خۆی ئاماژەیەکە بۆئەوەی ئافرەتان هاوشێوەی پیـاوان خواسـتیان بـۆ هەمـان مافـە سیاسـییە سـەرەکیەکانی تایبـەت بـە خۆبەربژێرکـردن و دەنگـدان و نوێنەرایەتیکردنـی سیاسـی هەیـە وەك ئـەوەی لـە دەوڵەتـە دیموکراسـییەکان یـان ئەوانـەی لـە سـەرووبەندی دیموکراسـیدان دەبینرێـت، لـە راسـتیدا ژمارەیەکـی کـەم لـە ئافرەتـان توانیویانـە بەشـداری لە پرۆسـەی باڵای سیاسـەتی دەوڵەتـدا بکـەن، ئـەوەش بەهـۆی ئـەو جیاکارییـە روونـەی لەنـاو حزبـە سیاسـییەکاندا هەیـە کـە ئەندامەکانـی خـۆی بـۆ هەڵبـژاردن کاندیـد دەکات، هەروەهـا لەنێـو خـودی دەنگدەرانیشـدا. ئەمـە جگـە لـەو راسـتییە کوشـندەیەی کـە بەشـێوەیەکی گشـتی چالاکییـە سیاسـییەکان پێویسـتی بـە کاتێکـی زۆر لـە کارکردنـە ئەمـەش بـۆ

ئافرەتـان ناگونجێـت، چوونکـە ئـەوان تایبـەت کـراون بـە ئەرکـی نـاو مـاڵ و مـاڵ بەڕێوەبـردن. لەسـەر ڕۆشـنایی ئـەو نوێنەرایەتییـە کەمـەی ئافـرەت لـە دامـەزراوە سیاسـییەکان و بۆئـەوەی ئافـرەت لەگـەڵ پیـاو لـەو کایەیـەدا یەکسـان بـن، دەبێـت (مافـی تایبـەت) بـە ئافرەتـان بدرێـت.

دیارتریـن ئـەو کەسـانەی لەپشـت ئـەم بیروبۆچونـەوە بـوون، (ئـان فیلیپـس)ی توێـژەر بـوو. ئـەو هۆکارێکـی دەستنیشـانکرد کـە دواتـر زۆر بڵاوبـووەوە و وتـی: پێویسـتە پشـکی کۆتـا بـۆ زیادکردنـی ئامادەگیـی ئافـرەت لـە پرۆسـەی سیاسـیدا هەبێـت کـە ئەمـەش ڕۆڵـی خـۆی لـە دروسـتکردنی کاریگـەری لەسـەر خـودی ئافرەتیـش دەبێـت. ئەمـەش لەسـەر ئـەو بـاوەڕەی کـە ئافرەتـان بـە ئەزمـوون و گۆشـەنیگای تایبـەت بەخۆیـان بەشـداری لـە پرۆسـەی سیاسـی بکـەن کـە لـە پیـاوان جیاوازبێـت. ئەمـەش وادەکات لـە بەڕێوەبردنـی دامـەزراوە سیاسـییەکان و سـەرکردایەتیکردنی ئـەو دامەزراوانـەدا لـە پیـاوان جیاوازتـر بن(مصـدر سـابق، ص ص 304، 307- 310.)، چونکـە لـە بنەڕەتـدا ئافـرەت گرووپێکـی کۆمەڵایەتیی تایبەتـە لـە ڕەفتـاری سیاسـی و چالاکیـی کۆمەڵایەتیـدا، ئـەوان پێویسـتیان بەوەهەیـە کـە نوێنەرایەتییەکەیـان لـەو گۆشـەیەوە تەماشـا بکرێـت کـە گرووپێکـی تایبـەت و جیـاوازن و دەبێـت ڕێوشـوێنی دیموکراسـیی تایبەتیـان بـۆ بگیرێتەبـەر کـە وایـان لـێ بـکات بـەردەوام ئـەو نوێنەرایەتیکردنەیـان هەبێـت. ئەمـەش وەك گرنگتریـن فاکتـەر دادەنێـت بـۆ بەشـداریکردنی فیعلیـی ئافرەتـان لـە کایـەی بڕیاردانـی سیاسـیدا(Kate Nash, P. 305)، بۆیـە لێـرەوە ناچـار دەبیـن ڕۆشـنایی بخەینەسـەر چەمکـی بەتواناکردنی سیاسـی بـۆ بزوتنـەوەی هاوچەرخـی ئافرەتـان.

چەمکـی بەتواناکردنـی سیاسـی Political Enforcement یەکێکە لـە ڕەهەندەکانـی پرۆسـەی پشـتیوانی و بەهێزکردنـی پێگـەی ئافـرەت لـە دامـەزراوە سیاسـییەکاندا، ئەمـە جۆرێکـە لە "پشـتیوانی دەرەکـی" کـە دەوڵەتـی هاوچـەرخ پێشـکەش بـە ئافرەتـی دەکات و شـێوە سیاسـەتێکی گشـتی و ڕێوشـوێنێك وەردەگرێت کە مەبەسـت

لێـی بەشـداریپێکردنی ئافرەتـە لـە ژیانـی سیاسـی و ئابـوری و کۆمەڵایەتـی لەپێنـاو ئـەوەی هانبدرێـن ئـەو دۆخـی لاوازی و پەراوێزخسـتنە تێپەڕێنـن کـە چەنـد سـەدەیەکی یـەك لـەدوای یەکە وەك میـرات بۆیـان ماوەتـەوە. ئەمـەش واتـای ئەوەیـە پشتبەسـتن بـە "بەتواناکـردن" و میکانیزمەکانـی بەتواناکردنـی وەك "قۆناغێکـی کاتـی" وایـە لـە قۆناغەکانی گەشـەپێدانی دۆخـی ئافرەت بەجۆرێك جیـاواز بێـت لـەو دۆخـە دواکەوتـووە نائاسـاییەی کـە ئافـرەت و کۆمەڵگـە بـە گشـتی بەدەسـتیەوە دەناڵێنێـت. پاشـان ئـەم دۆخـە کاتییـە بـە سـەرکەوتنی ئافـرەت نامێنێـت ئەگـەر ئافـرەت بازنـەی دواکەوتویـی تێپەڕێنێـت و بچێتـە قۆناغـی بەشـداریکردنێکی چالاکـەوە، ئەوکاتـەش ئافـرەت توانـای بەشداریکردنی تـەواوی لـە کاروبـارە سیاسـی و ئابـوری و کۆمەڵایەتیـەکان دەبێـت بەبێئـەوەی هیـچ کـۆت و لەمپەرێکـی رەگـەزی و کۆمەڵایەتـی و کولتووریـی لـە بـەردەم بێت(فاطمـة حافـظ، 2008، ص12.).

لەبـەر رۆشـنایی ئـەوەی لـە سـەرەوە وتـرا، راسـترە بڵێیـن "بەتواناکردنـی سیاسـی" و سیاسـەتی جیاکاریـی ئەرێنـی، هەردووکیـان لـە بنەڕەتـدا بەشـێکن لـە سیسـتەمی میکانیزمەکانـی مافـی بەکۆمـەڵ Group Rights، بەجۆرێـك هەموویـان دەچنـەوە سـەر هەمـان ئـەو بیرۆکەیـەی کـە ناچارمـان دەکات چـاو بـە بنەمـای "یەکسـانی" و "دادپـەروەری"دا بخشـێنینەوە. ئـەوەش لـە رێگـەی بنیاتنانـەوەی ئـەو دوو چەمکـە لەسـەر بناغەیەکـی نـوێ کـە لـە بەرژوەندیـی گرووپـە بێبەشـکراوکان بێـت بەبێئـەوەی چوارچێـوەی فیکـری لیبراڵـی ببەزێنێـت. واتـە خـودی دەوڵەتـی هاوچـەرخ لەرێگـەی پـلان و سیاسـەتی دیاریکـراو بەویسـتی خـۆی کار بـۆ ئـەو گۆڕانکارییـە بـکات و پێیوابێـت کـە نادادپەروەرییـە چینـە هاوشـێوەکان بـە هەمـان یەکسـانی و بەهەمـان جـۆر مامەڵـە بکرێـن کاتێـك یەکێکیـان لەپـای ئـەو مامەڵەکردنـە زیانـی پێـدەگات. دادپـەروەری کاتێـك بەدیدێـت کـە مامەڵەکردنەکـە لـە بەرژەوەندیـی بەشـخوراو و زیانلێکەوتـووەکان بێـت تـا هەمـوان یەکسـان بکاتـەوە(د. حسـام الدیـن عـلي مجیـد، 2010، ص ص 246-248 ). واتـە "بەتواناکردنـی سیاسـی" لـە سـوودی گرووپـە

بەشخوراوەکان بێت تا هاوکاری بکرێن بگەنە ئاستی شیاوی کۆمەڵایەتی و ئابووریی خۆیان و ببەنەوە بە گروپە جڵەو بەدەستەکان. دەکرێت "بێبەشکردن" بکرێتە پێوەرێکی پێویست بۆ هەر تاك و گرووپێك تا بەهۆیەوە هاوکاریی دەرەکیی پێ بگات، چوونکە "بێبەشکردن" خۆی لە بنەڕەتدا پەتا و کێشەیەکە کە پێویستی بە چارەسەرکردنە(Carol Lee Bacchi, 2001, P. 59). بە گوزارشتێکی دیکە، بەتواناکردنی سیاسی بەگشتی و سیستمی کۆتا بەتایبەتی لە روانگەی ئاراستەی گشتیی لیبراڵیەتی کۆمەڵایەتییەوە، میکانیزمێکی کاتییە، چونکە هەرکات لە کۆمەڵگەدا ستەم و جیاکاریی سیاسی و ئابووری نەما، ئەوا سەرجەم مافە بەکۆمەڵەکانیش راستەوخۆ هەڵدەوەشێنەوە. ئەوکاتەش پێکهاتەکانی کۆمەڵگا دەگاتە ئاستێکی بەرز لە یەکسانی و دواجار بەشێوەیەکی دادپەروەرانە و کاریگەر تێکەڵی ژینگەی کێبڕکێی هەمان کۆمەڵگە دەبن و لەوەشەوە لەبەردەم یاسا پشت بە هەلی یەکسان و بنەمای یەکسانی دەبەسترێت و دواتر گرووپەکانی ناو ئەو ژینگەیە لەسەر ئەو بنەمایە کێبڕکێی یەکتر دەکەن.

لەو چوارچێوەیەشدا (رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان) بەپێی گونجاندن لەگەڵ روانگەی ئاراستەی گشتی بۆ کۆمەڵگەی لیبراڵی، کاری لەسەر دانانی ژمارەیەك نیشاندەر کردووە بۆ پێوانی دۆخی ئافرەتان و چۆنێتی بەتواناکردنیان لە کایەی سیاسیدا. ئەو نیشاندەرانە لە دەقی ماددەی (7) لە پەیماننامەی (سیداو) (پەیماننامەی نێودەوڵەتی بۆ بنبڕکردنی سەرجەم جۆرەکانی جیاکاری لەدژی ئافرەتان CEDAW)بۆ ساڵی 1979 جێگیر کرا(المجلة العربية للعلوم السياسية،2009، ص ص 59– 60.)، تا بتوانرێت ئاستی توانای ئافرەتان و پەرەپێدانی تواناکانیان و باشترکردنی دۆخی سیاسیان لە کۆمەڵگەدا بپێورێت، نیشاندەرکان بریتین لە:

أ- دەنگدان لە سەرجەم هەڵبژاردن و گشتپرسییەکدا، خۆ کاندیدکردن بۆ هەموو دەستەیەك کە ئەندامەکانی بە

دەنگدانــی گشــتی هەڵدەبژێردرێــن.
ب- بەشــداریکردن لــە دارشــتنی سیاســەتی حکوومــەت و جێبەجێکردنــی ئــەو سیاســەتە، لــە بەڕێوەبردنــی پۆســتە گشــتییەکان و بەجێگەیاندنــی هەمــوو ئەرکێکــی گشــتی لەســەر هەمــوو ئاســتێکی حکومــی.

ج- بەشــداریکردن لــە ســەرجەم ڕێکخــراو و دامــەزراوە ناحکوومییــەکان کــە پەیوەندیــدارن بــە ژیانــی گشــتی و سیاســیی دەوڵەت(إتفاقيــة ســيداو لِســنة 1979).

بــەو پێیــەش دەوڵەتــی ئەنــدام لــە پەیماننامەکــە، کار لەســەر گۆڕانکاریــی ریشــەیی لــە دەســەڵاتی ڕەگــەزی (جێنــدەر) دەکات و جەخــت لەســەر پتەوکردنــی بەرژەوەندییەکانــی ئافرەتــان بــە شــێوەیەکی دامەزراوەیــی دەکاتــەوە. ئــەوەش لــە ڕێگــەی ئــەوەی کــە پێــی دەوترێــت "بیرۆکراتیەتــی ئافــرەت Femocrats " واتــە بنیاتنانــی ســەرکردایەتیی ئافــرەت لەنــاو پێکهاتــەی دەوڵــەت و دامەزراوەکانیــدا بەوجــۆرەی کــە دادپــەروەری لەنێــوان ژن و پیــاو پێکــەوە بڕەخســێنێت و ئامانــج لێــی بەتواناکردنــی سیاســی و ئیداریــی ئافــرەت بێــت. ئــەوەش بەهــۆی سیاســیەتێکی زۆر گرنگــەوە کــە بــە "لەخۆگرتنــی ڕەگــەزی – Gender Main- streaming " نــاسراوە. واتــە بــە بەردەوامــی پرســەکانی ئافــرەت و جێنــدەر لــە سیاســەتەکانی دەوڵــەت و پرۆگرامــی حکوومیــدا ئاوێتــە بکرێــن، نــەک تەماشــاکردنی وەك ئــەوەی بیرۆکەیــەك بێت و ســەرزارەکی تێپەڕێنێــت Afterthought یــان وەك سیاســەتێکی لاوەکــی هەژمــار بکرێــت(Gerald F. Gaus and Chandran Kukathas, 2004,PP. 278 – 279).

بەمــەش واتــای بەتواناکردنــی سیاســیی ئافرەتــان لــە ڕوانگــەی نەتــەوە یەکگرتــووەکان و پەیماننامــەی ســیداو بەتایبەتــی لــە دوو ســەرەوە یەکدەگرنــەوە: یەکــەم: نەهێشــتنی لەمپــەرە یاســاییە جیاوازەکانــی وەك لەمپــەری ئیداری و کۆمەڵایەتــی کە ئاســتەنگ دەخەنــە بــەردەم بەشــداریکردنی ئافرەتــان لــە پێگەکانــی

سەرکردایەتی و ئیداری و سیاسی. دووەم: ئاسانکاریکردن و گرتنەبەری ڕێوشوێنی سیاسی و پرۆگرامی پشتیوانیکردن بۆ بەشدارییپێکردنی ئافرەتان و پەرەپێدان بە تواناکانیان و زیادکردنی هەل بۆیان، جا ئەوە لەسەر ئاستی بنیادنانی تواناکیانیان یان بەکارهێنان و بەگەڕخستنی ئەو توانایانە بێت بۆ بەرژەوەندیی خودی ئافرەت خۆی لە هەردوو کەرتی گشتی و تایبەتدا(فاطمة حافظ، مصدر سابق، ص ص -11 13).

لەسەر بنەمای پەیماننامەی سیداو بەتایبەت کارکردن بەپێی ماددەی (7)، سیستمی کۆتای ژنان بڵاوبووەوە، ئەوەش وەك ڕێوشوێنێکی کاتی و تایبەت کە کار بۆ بەشداری پێکردنی کارای ئافرەتان لە بڕیاری سیاسی بکات هەر لە سیاسەتەکانی حکوومەتەوە تا جێبەجێکردنی و گرتنەدەستی پۆست و پلە لە ناوەندە گشتیەکان و پۆستی سەرکردایەتیدا. بڵاوبونەوەی سیستەمەکە تەنها لەسەر ئاستی حکومی و دەستووری نەبوو، بەڵکو لەناو حزبە سیاسییەکان و سەندیکاکان و کۆمەڵەکانیش هاوشانی ڕێکخراوە نا حکومییەکان جێبەجێکرا. ئەمە جگە لەوەی کاریگەری ریشەیی سیستمەکە لە دامەزراوەکانی هەڵبژاردن و چۆنێتی هەژمارکردنی دەنگەکان لە بەرژەوەندیی بەربژێرە ئافرەتان لە جیهاندا دەنگی دایەوە. ئەوەتا ئێستا نزیکەی (97) دەوڵەت ڕێوشوێنەکانی بەتواناکردنی ئافرەتان جێبەجێ دەکەن، جێبەجێکردنی سیستمی کۆتای ژنانیش لە دابەشکردنی کورسییەکانی پەرلەمان و ناوەندەکانی بەڕێوەبردندا بەجۆرێك دەکرێت کە ئەو وڵاتانە بەگشتی بۆ سێ گرووپ دابەشدەکات(مجلة كولان، أربيل، 2014، ص 236):

أ- گروپی ئەو وڵاتانەی ڕێژەی (30%)یان تێپەڕاندوە، ژمارەیان تەنها (15) وڵاتە، لەوانە: ڕواندا کە زۆرترین پەرلەمانتاری ئافرەتی لەسەر ئاستی جیهان هەیە کە ڕێژەی کورسیەکانیان لە پەرلەمانی ئەو وڵاتە دەگاتە (63.75%) (quotaproject.org.)، لە پلەی دووەمیش وڵاتانی سکەندەنافیا

وەك سوید و نەرویج و دانیمارك بەڕێژەی (36% - 45%)دێت، پاشان جەزائیر بەپێی دەستوری هەموارکراوی ئەو وڵاتە لە ساڵی 2008 و یاسای سەرەکیی ژمارە (03-12) بۆ ساڵی 2012 کە ڕێژەی ئافرەتان لە پەرلەمان و حکوومەتە خۆجێییەکان لەو وڵاتەدا دەگاتە (30). هەر لە جەزائیر لە هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی 2012شدا ژمارەی کورسییەکانی ئافرەتان لەکۆی 462 کورسی بۆ 145 کورسی زیادیکرد.(بڕوانە 16ی سەرچاوەکان)

ب- نزیکەی (75) وڵات ڕێژەی (15%-25%) کورسییان بۆ ئافرەتان هەیە لەوانە عێراق کە بەپێی ماددەی (47)ی دەستور کورسییەکانی کۆتا تیایدا (25%)ە، پاشان مۆریتانیا بەڕێژەی (20%) لە پەرلەمان یان حکوومەتە خۆجێییەکان، ئەم هەڵەش وایکردوە (37) ئافرەت بگەنە پەرلەمان. لە هەڵبژاردنی شارەوانیی 2013ی ئەو وڵاتەش، (1128) ئافرەتی دیکەش توانیان بچنە ناو ئەنجوومەنی شارەوانییەکان(إدريس لكريني، نظام الكوتا وتمثيلة المرأة في البرلمان، ص ص3،11.)، جگەلەمەش، لەوانەیە ئوردن بچێتە لیستی ئەو وڵاتانەوە. ئەوەش لەپای ئەو چاکسازییە یاسایی و سیاسیانەی کە نوخبەی شاهانە سەرکردایەتیی دەکات. لە ساڵی 2012 پشکی ئافرەتان لە پەرلەمانی ئوردن لە (5.5%)ەوە بۆ (12%) زیادکرا لەکاتێکدا ئەو وڵاتە لە بنەڕەتدا 150 کورسیی پەرلەمانی هەیە(يوسف سلامة حمود المسيعدين، آذار 2015، ص ص-93 94).

ج- ڕێژەی نوێنەرایەتیکردنی ئافرەتان لە گرووپی سێیەمی ئەو وڵاتانە، لەنێوان (0% - 4%)ە، ئەوان نە لە دەستور و نە لە یاسا سیستەمی کۆتای ئافرەتان لەبەرچاو ناگرن. لە ساڵی 2014 ئەو پۆستانەی کە ئافرەتان لە دەستەکانی دادگا هەیانبوە لە (4%) کەمتر بووە، وەك ئەم چوار وڵاتە: یەمەن (0.3%)، جزر القمر (3.0%)، میسر (2.0%) و لوبنان (3.1%)( تقرير التنمية الانسانية العربية للعام 2016). لە بنەڕەتیشدا

## 2
## مافەکانی ئافرەت لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست: دۆخی ئێستا و ئەگەری گۆڕانکاری

ئەم ڕێژە کەمە بەهۆی ئەو جڵەوگیری و دەسەڵاتەوە بووە کە بە میرات بۆ ئافرەتە کاندیدەکان ماوەتەوە، نەك بەهۆی ئەوەی کە دەوڵەت تواناکانی ئەوانی بەرز کردبێتەوە. بەتایبەت لە میسر و لوبنان. هەرچەندە لە ساڵی 1953ەوە لە لوبنان و لە میسریش لە ساڵی 1956ەوە ئافرەتان مافی خۆیان وەرگرتوە بۆ خۆبەربژێرکردن، بەڵام کایەی سیاسی لەو دوو وڵاتە بەشداریکردنێکی راستەقینەی ئافرەتانی بەخۆوە نەبینیوە(كلثم الغانم،تموز 2012، ص ص18-17).

مافەکانی ئافرەت بە گشتی هاوشانی ناسنامەی ئافرەتان لەسەر ئاستی جیهان پرشنگی دا، بەجۆرێك داواکارییەکانی ئافرەتان بەگشتی لە بازنەی ناو وڵاتەوە بۆ بازنەی جیهان و رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان پەلی کێشا. ئەمەش بەهۆی دوو هۆکارەوە، یەکەمیان چۆنێتیی بڵاوبونەوەی ماف و ناسنامەی ئافرتان کە گرووپێکی کۆمەڵایەتین، دووەمیش پەیوەندیی بە پرکردنی فیکری و رێکخراوەیی ئافرەتانەوە هەیە لەسەر ئاستی جیهان. بۆیە دەکرێت ئەم پرسە بەمجۆرە روون بکەینەوە:

**1 - بڵاوبونەوەی مافەکانی ئافرەتان لەسەر ئاستی جیهان و پەیوەندییان بە وڵاتانی جیهانی سێیەمەوە:**

لە ساڵانی نەوەدەکانی رابردوو، کاریگەریی بزووتنەوەی ئافرەتان وەك دیاردەیەکی گواستراوە چووەناو نەتەوەکانی جیهان و زیاتر هەڵکشا. ئەوەش بەهۆی ئەوەی بزووتنەوەکانی ئافرەت لەسەر ئاستی جیهان هەستیان بە بوونی یەك ناسنامەی هاوبەش دەکرد. ئەمەش هاندەر بوو بۆ ئەوەی ئافرەتان هاوکاری یەکتر بن و زۆر لە پرس و هەڵوێستی هاوبەش بەبێ بونی بەرژوەندیی شەخسی، کۆیان بکاتەوە. بە واتایەکی دیکە سەرهەڵدانی ناسنامەی هاوبەش لەریزی ئافرەتان، ناسنامەی نەتەوەیی و ئایینی و رەگەزیی تێپەڕاند. چونکە ئەوان نەهامەتیی هاوبەشیان هەبوو. ئەمە جگەلە ژیانگوزەرانندن لەژێر باڵادەستیی پیاو و بەجیا تەماشاکردنیان بۆ گرتنەدەستی

دەسەڵات و بواری ماددی. لەسەر ئەو بنەمایەش بزوتنەوەی ئافرەتان کاری بۆ پتەوکردنی (هێزی دەستەخوشکی - Sister-hood is Power) کرد بەجۆرێك ئافرەتانی هاندا پێکەوە لەپێناو گۆڕانکاری لە دەسەڵات و پێکهاتەکەیدا پێکەوە خڕببنەوە. ئەوکاتەی بزووتنەوەی ئافرەتان جەختیان لەسەر دەستکەوتی "شەخسی و سیاسی" دەکردەوە، هەرئەوکاتە درکیان بەوە کرد کە گۆڕانکاریی تاکە کەسی و گۆڕانکاری لە کۆمەڵگەدا دوو لایەنی سەرەکیی یەك پرۆسەن، بەوجۆرەش سیاسەتە کاریگەرە حکومییەکان باڵی بەسەر کاروباری شەخسیی ئافرەتاندا کێشا، چونکە هەموو کونجەکانی ژیانی تایبەت – تەندروستی و پۆشاك و شوێنی نیشتەجێ بوون و سێکس و هاوڕییەتی و پیشە- بەشێك نەبون لە پرۆژەیەکی سیاسی کە ئامانج لێی گۆڕانکاری بێت.( آن کورثویس، 2010، ص 686).

لەسەر ئەو بنەمایەش، باشترە بگوترێت بزووتنەوەی ئافرتان لە سەردەمی شارستانی و لە وڵاتانی خۆرئاواش، بەشێویەکی گشتی بوەتە دیاردەیەکی جیهانی نەك دیاردەیەکی تایبەت. لە سەدەی نۆزدەوە ئافرەتان لە کیشوەری ئاسیا بە گشتی و خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بە تایبەتی، هاوشانی ئافرەتانی خۆرئاوا دژی ژێردەستەیی جەنگاون. سەرەڕای ئەوەی ئافرەتانی غەیرە خۆرئاوایی لە دامەزراندنی ڕێکخراوی سەربەخۆی تایبەت بە ئافرەتان زۆر لە ئافرەتانی خۆرئاوا جیاوازن، بەڵام لە گوزارشتکردن لە مێینەیی خۆیان لە چوارچێوەی رزگاریی نەتەوەیی و نیشتمانی و چینی کرێکار و یاخیبوونەکانی جوتیارەکاندا وەك یەکن(أليسون م. جاغار،2012، ص ص 52، 53). بە گوزارشتێکی دیکە، خاڵێکی زۆری هاوبەش لەنێوان ئافرەتانی خۆرئاوا و غەیرە خۆرئاواییدا هەیە. لە پێش هەمووشیانەوە: هەڵوەشاندنەوەی دابەشکاریی رەگەزی لە کارکردندا، واتە دابەشکردنی کار لەسەر بنەمای رەگەز و کەمکردنەوەی ئەرکی ناوماڵ و چاودێریکردنی منداڵ و لابردنی جیاکاری لە دامەزراوەکاندا بەتایبەت ئەوەی پەیوەندیی بە مافی موڵکداریی زەوی و خانووبەرە و دەستکەوتنی قەرزی دڵنیاییەوە هەیە. هەروەها هێنانەکایەی یەکسانیی سیاسی و

گرتنەبەری رێوشوێنی پێویست بۆ بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی و کۆنترۆڵکردنی ئافرەتان لەلایەن نێرینەوە. هەوڵەکانی ئافرەتان لەسەر ئاستی جیهان تەنها پرسە جێندەرییەکان ناگرێتەوە. وەك هەوڵەکانی رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان بۆ جێبەجێکردنی بەرنامەی پەرەپێدانی ئافرەتانی جیهانی سێیەم و پاراستنی بەپیتی ئەوان لەرێگەی هاوکارییە نێودەوڵەتییەکان یان رێگریکردن لە منداڵ لەباربردن، بەڵکو پرۆگرامەکە پرسی دیکەی وەك جەختکردنەوە لەسەر قەرزەکانی جیهانی سێیەم و بەفیڕۆدانی سامانەکەشیان دەگرێتەوە کە ئەوە بوەتەهۆی کارەسات بۆ بژێویی ژیانی زۆرینەی ئافرەتانی جیهانی سێیەم، چوونکە پشکی شێری ئەو کاریگەرییە توندە بەر ئافرەتان کەوتووە. لەبەر ئەم هۆکارە دەبینین لە سەرەتادا ئەو پرسە هاوبەشانە پەیوەندییان بە جێندەر و مێینەیی ئافرەتەوە نییە، بەڵکو ئەمانە لە روانگەی بزووتنەوەی ئافرەتانەوە ئەو پرسانەن کە زۆرترین مکوڕیی لەسەر دەکرێت(أليسون م. جاغار، مصدر سابق، ص ص 55، 63 – 65).

ئافرەتان بەشێوەیەکی گشتی بەپێی دەستوور مافە سیاسییەکانیان بەدەستهێناوە و زۆربەی وڵاتانی جیهانیش واژۆیان لەسەر پەیماننامە نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە پشتیوانیکردن لە یەکسانیی نێوان ئادەمیزاد کردووە. بەجۆرێك پێشکەوتنێکی بەرچاو لە جێبەجێکردنی سیستەمی کۆتا و زۆر رێوشوێنی دیکەی کاتی بۆ زامنکردنی مافی ئافرەتان بەدیهات. دواتریش لەماوەی دوو دەیەی رابردوودا زیادبوونێکی بەرچاو لە رێژەی بەشداریکردنی ئافرەتان لە دەستە هەڵبژێردراوەکاندا بینرا، بەجۆرێك کە لە ساڵی 2015، ئافرەتان لە جیهاندا (22%)ی دەستە پەرلەمانییەکانیان پێکدەهێنا لەکاتێکدا کە ساڵی 2000، ئەو رێژەیە تەنها (14%) بووە و لەساڵی 1995یشدا (11.3%) بووە(برنامج الأمم المتحدة الإنمائي ، 2015، ص ص 2- 3.). لەگەڵ ئەمەشدا ئافرەتان تائێستاش لە زۆربەی وڵاتاندا بەراورد بە پیاو، مافی یەکسانیان نییە. وەك ئەوەی بڵێی مافە دانپێدانراوەکانی مرۆڤ تەنها بۆ پیاوان بێت و ئافرەتی لێ

بێبەری کرابێت. ئەم تێکڕا جیهانییە کە (22%)ە، بەس نییە بۆ پێکهێنانی ئەوەی لە ئەدەبیاتی نەتەوە یەکگرتوەکاندا ناونراوە (کەمینەی ڕوگیر critical minority - ) کە ڕێژە سەدییەکەی (30%) ی کۆی ئەندامانی دەستەی نوێنەرانە کە ئافرەتان پێویستە پێی بگەن تا بتوانن جیاوازییەکی ڕاستەقینە لە پرۆسەی بڕیاردان درووستبکەن و لەوەشەوە بتوانن کاریگەریی ڕاستەوخۆی خۆیان دروستبکەن. لە بەرامبەریشدا ڕێژەی نوێنەرایەتیکردنی ئافرەتان لە حکوومەتەکان و دامەزراوەکانی دیکەدا تا ئەمڕۆ زۆر کەمە و زۆرجار کە پۆست وەردەگرن، تەنها پۆستەکانی کاروباری ئافرەتان و منداڵانە. ئەمە جگە لەو جیاوازییە گەورەیەی لە ڕێژەی نوێنەرایەتیکردنی ئافرەتان لە دامەزراوەکانی هەر وڵاتێکی جیهاندا هەیە کە بەهیچ جۆرێك لەگەڵ قەبارەی دیمۆگرافیی ئافرەتان لەو وڵاتەدا ناگونجێت. ئەمە لە جیهان، ئەی دەبێت لە وڵاتانی عەرەبی چۆن بێت کە بە نزمترین ڕێژە و پشکی جیهان دادەنرێت؟ لە ساڵی 2014 نوێنەرایەتیی ئافرەتان لە دامەزراوەکاندا لە جیهان تەنها (18.1%) بووە، ئەمەش وایکردووە کە بەردەوام ئامانجی بەتواناکردنی ئافرەتان و بەشداریکردنی سیاسییان لە لیستی ئامانجەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان و کۆمەڵی نێودەوڵەتیدا بێت(المجلة العربية للعلوم السياسية، 2009، ص 58).

## 2 - دۆخی ڕاستەقینەی مافەکانی ئافرەت لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست

لە ڕووی مێژووییەوە، بزووتنەوەکانی ئافرەت لە وڵاتانی عەرەبیدا چەند کایەیەکی فیکریی جیاواز لەخۆدەگرێت: ژنانی لیبراڵی، دژی لیبراڵی و نیشتمانپەروەر، مارکسی، ئیسلامی، بەجۆرێك زۆربەی کات گومان لە بوونی ئافرەتە چالاکوانەکانی ئەم بوارە و چالاکییەکانیان کراوە. دیارترین هۆکار بۆ ئەوەش، مێژووی "ئەو بزووتنەوە ئافرەتانەی ناو وڵاتانی عەرەبە کە دەوڵەت سەرپەرشتیی دەکردن". لە ساڵانی حەفتا و هەشتاکانی سەدەی بیستەم، هەوڵەکانی بنیاتنانی دەوڵەت و نوێکردنەوەی

لـە زۆربـەی وڵاتانـی عەرەبـدا، بووەهـۆی گرتنەبـەری جـۆرە سیاسـەتێك کـە بایـەخ بـە فێرکـردن و پـەروەردەی ئافرەتـان بـدات و بـوار بڕەخسـێت ئەوانیـش شانبەشـانی پیـاوان بچنـە بـوارە جیاجیاکانـی کارکـردن. دواتریـش بەهـۆی پتەوبونـی دەسـەڵاتی دەوڵـەت، ڕێکخراوەکانـی ئافرەتـان چونـە نـاو پێکهاتـەی حزبـە دەسـەڵاتدارەکانەوە. لەمەشـەوە دەردەکەوێـت کـە بزووتنـەوەی ئافرەتـان بـە ڕابردوویەکـی سـەرکوتکەرانەوە بەسـتراوەتەوە کـە لـە چینـی سیاسـیی جڵەوبەدەسـت سـەربەخۆ نەبـوون. لـە دوو دەیەی ڕابردووشـدا کـە بزووتنـەوەی ئافرەتـان وەك ڕێکخـراوی ناحکوومیی هەژمارکـرا و ئـەو سـیفەتەی پێـدرا، ئەوەنـدەی دیکـە گومانەکانـی لەسـەر ئـەو بزووتنەوانـەی ئافرەتـان زیاترکـرد. هەروەهـا پشـتگیرییە نێودەوڵەتییـەکان بـۆ ئـەو ڕێکخراوانـە هـاوکار بـوو بـۆ دروسـتکردنی بیروڕایەکـی زیانبەخـش کـە بوترێـت ڕێکخراوەکانـی تایبـەت بـە ئافرەتـان "سـاختەن" یـان "دروسـتکراوی خۆرئـاوان" و بـە کولتـووری ناوخۆیـی نامۆن(تقريـر التنميـة الانسـانية العربيـة للعـام 2016، ص ص 85- 86). لـە ژینگـە گوماناویەشـدا گرتنەبـەری میکانیزمـە پشـت پـێ بەسـتراوەکان بـۆ زامنکرنـی مافە دەسـتووری و یاسـاییەکانی ئافرەتـان، هـەر لەسـەر داوا و فشـاری بزوتنەوەکانـی ئافرەتـان بـووە، بـەڵام لـە واقعـدا، زۆر لەگـەڵ ئامانجەکـەدا هاوئاهەنـگ نەبـووە. وەك زینـە زەعتـەری، خانمـە توێـژەر دەڵێـت: بزووتنەوەکانـی ئافرەتـان لـە وڵاتانـی خۆرهەڵاتـی ناوەڕاسـت هێشـتا تەنهـا "پـڕۆژەی دەوڵەتـن" و نەبونەتـە بزوتنەوەیەکـی میللیـی نـاڕازی کـە لـە بـواری تایبەتـی خۆیانـدا کار بـۆ هێنانەکایـەی دادپـەروەری لـە هەردوو کایـەی گشـتی و تایبەتدا بکـەن. بگـرە لـە ڕێگـەی ئـەو پرۆژەیـەوە ئەجینداکانـی دەسـەڵاتی فەرمانـڕەوا جێبەجێکـراون و تەنهـا بـە رووکـەش ئافـرەت خراوەتـە نـاو دەسـەڵات، ئەگینـا ئـەوان باوەڕیـان بـە توانـای ڕاسـتەقینەی بەشـداریکردنی ئافرەتـان نەبـووە. ڕێکخراوەکانـی ئافرەتـان تەنهـا تیشـکدانەوەی سیسـتەمی سیاسـی یـان دروشـمێك بـوون کـە لەلایـەن دەوڵەتـەوە بـۆ بەدەسـتهێنانی دەسـتکەوتی سیاسـی یـان رووکارێکـی نێودەوڵەتـی بەکارهێنراون(زینـة الزعـتري، 2012، ص ص79 -78).

ئـەوەی ئەمــە پشتڕاســتدەکاتەوە، ئەوەیــە کــە دامەزراوەکانــی دەوڵـەت بەشـێك لـە ئافرەتانـی چینـی ناوەنـد کارا بـن یـان نـاکارا، هەڵدەبژێـرن تـا پۆسـتە بیرۆکراتییـە باڵاکانیـان پـێ پڕبکەنـەوە. بـەوەش وای پیشـاندەدەن کـە دەوڵـەت لایەنگری بەشـداریکردنی ئافرەتانـە لـە فەرمانڕەوایـی و دەسـەڵاتدا. ئەمـەش تەنها دۆخـی بیرۆکراتیـی ئافرەتانـی Femenist Buerucracy لـێ دروسـتدەبێت. واتـە تەنهـا گەیاندنـی هەندێـك لـە ڕەگـەزی مـێ بـۆ پۆسـتە وەزارییـەکان و کورسـییەکانی پەرلەمـان، نـەك لەبـەر ئـەوەی ئـەو ئافرەتانـە نوێنەرایەتیـی بەرژەوەندییەکانـی ژنـان دەکـەن، بەڵکـو بـۆ ئەوەیـە کـە ئـەو ئافرەتانە بەرژەوەندییەکانی ئافرەتـان بکەنـە قوربانـی بـۆ خزمەتکردنـی دەوڵـەت و ئـەوەش بسـەلمێنێت کە پرسـی ئافرەتـان پڕۆژەیەکـی دەسـتی دەوڵـەت و دەسـەڵات و سیاسـەتە(د. میرفـت حاتـم، 2012، ص ص28-26). ئەمـەش لەلایـەن ڕاپۆرتـی پەرەپێدانـی ئافرەتانـی عـەرەب بـۆ سـاڵی 2016 وتـراوە کـە تیایـدا دەڵێـت: بوونـی ئافـرەت لـە پەرلەمانـی وڵاتانـی عـەرەب نیشـانەی ئـەوە نییـە کـە دۆخـی ئافرەتـان لـە کایـەی سیاسـیدا باشـتر بـووە، ئـەوە هـۆکار نەبـووە بـۆ بەدەسـتهێنانی دەسـتکەوتی بەرچـاو لـە بـواری مافـە سیاسـییەکان و مافەکانـی ئافـرەت، بەڵکـو زیادکردنـی ژمـارەی ئافرەتـان ئاڵـۆز و مەرجـدار کـراوە بـۆ چوونەنـاو کایـەی فەرمیـی سیاسـەت (چوونکـە لـە هەندێـك دامـەزراوەدا سیسـتەمی کۆتا بووەتـە پشکپشـکێنە و هـاوکار بـووە بـۆ دامەزراندنـی کەسـە نزیکەکانـی سیاسـەتمەداران و ئـەو پۆسـتانەیان پـێ پڕکراوەتـەوە کـە خۆیـان ویسـتوویانە... ئەمـە جگەلـەوەی ئافرەتـە سیاسـەتمەدارەکان هێشــتا هاوشــێوەی ڕکابەرەکانیــان لــە پیــاوان دەســەڵاتی بڕیاردانیــان نییــە. بــۆ نموونــە لــە عێــراق لــەدوای هەڵبژاردنــی 2010، هیـچ ئافرەتێـك لـە دانووسـتاندنەکانی تایبـەت بـە گەیشـتن بــە حکوومەتــی تەوافوقــی، بەشــدارییان پێنەکــرا.. هەربۆیــە هەمیشـە بەشـداریپێکردنی ئافرەتـان نەگەیشـتووەتە ئـەو ئاسـتەی ئافـرەت بگەیەنێتـە ناوەنـدی بڕیـار تـا لەگـەڵ پیـاو یەکسـان بـن. بەپێچەوانـەوە سیسـتەمی کۆتـای ئافرەتـان وایکـردووە هەندێـك حزبـی ئایینـی موحافـزەکار بگەنـە نـاو ئەنجوومەنـی نوێنـەران کـە خـودی ئـەو حزبانـە پشـتیوانی لـەو یاسـایانە دەکـەن کـە مافەکانـی

ئافـرەت بەرتەسـك دەكاتـەوە.)( تقريـر التنميـة الانسـانية العربيـة للعـام 2016،ص ص-78 79) بـە واتايەكـی ديكە بزوتنـەوەی ئافرەتان ئێسـتا وای لێهاتـووە كـە ببێتە ديلی سيسـتەمی باوكساڵاريی گشـتی (واتـە دەوڵـەت) ئەمـە جگـە لـەوەی ئافرەتان لـە بوارەكانـی ديكەی وەك (خێـزان و خێـڵ و دابوونەريت...تـاد) هـەر ديل بـوون. ئەوەتا گۆڕانـكاری لـە ڕۆڵـی سياسـيی ئافرەتـان لـە لوبنـان لەمپەرێكـە و ناتوانرێـت تێپەڕبكرێـت. ئـەوەش لەبـەر ئەوەيـە كـە كاری حزبـی و سـەنديكاكان لاوازە و كايـەی سياسـی بەپێـی پێـوەری تايفـی داڕێـژراوە. لەلايەكـی ديكەشـەوە، تايفـەكان ئافرەتـان تەنهـا وەك دەنگێكـی هەڵبـژاردن دەبينـن كـە بـۆ بەرژەوەندييەكانـی خۆيـان پڕچەكيـان دەكـەن. دواتريـش ئافـرەت لـە دارشـتنی سـتراتيژيەت و لـە كۆبونەوەكانيـان بێبـەش دەكـەن. لەگـەڵ نەبونـی ئامانـج و خواسـتی دەوڵـەت و دانانـی لەمپـەر لەبـەردەم ئافرەتـان، خانمـە لوبنانييـەكان بە گشـتی لـە دەوڵـەت و دامەزراوەكانـی تەكاونەتەوە و تەنانـەت لەوانـەش دوركەوتونەتـەوە كـە توندوتيژيـان بەرامبـەر دەكـەن. لەبـری ئـەوە، ئافرەتـە لوبنانييـەكان بـەرەو كاری ئابووريـی تايبـەت بەخۆيـان مليـان نـاوە و پێشـكەوتن و دەسـتكەوتكانيان زياتـر لەوێـدا دۆزيوەتەوە(أنظر نُهـی بيومـي، مصـدر سـابق، ص ص147-146).

ئـەم كۆتوبەندكردنـە سياسـييە بـە دياريكـراوی لەسـەر ئافرەتانـی كەمينـە ئايينيـەكان بەتايبـەت ئافرەتانـی كەمينـە ئايينيەكانـی لوبنـان و عێـراق ڕەنگيداوەتـەوە. ئـەوان بەدەسـت شـێوازە جياجياكانـی جياكاريـی هاوبـەش و هاونيشـتمانيبوونەوە دەناڵێنـن: ئەمـە جياكارييەكـی ڕەگەزييـە تەنها لەبەرئـەوەی ئـەوان مێينـەن. ئينجا جياكاريـی ڕۆشـنبيری كـە ناسـنامە ڕۆشـنبيرييەكەيانی لەڕێـی نكوڵيكـردن لـە ناسـنامە ئايينەكەيـان كردوەتـە ئامانـج. هەروەهـا لـە ڕێـی شـاردنەوەی ناسـنامەكەيان لەڕێـی پۆشـينی جلوبەرگێكـی دياريكـراو كـە گوزارشـت لـە خۆيـان نـاكات يـان بەهـۆی بـەزۆر بەشـوودانيان بـە سـەرۆك هـۆز و گروپـە چەكـدارەكان بەتايبـەت لەكاتـی جەنگـی ناوخـۆ و شـەڕی دژبـە گروپـە تيرۆرسـتەكان، جياكارييـان بەرامبەردەكريـت وجگـە لەوەش،حاڵەتەكانـی ڕفانـدن

و دەستدرێژی و بەزۆر بەشووودان هەیە و لەوەش بترازێ، کۆیلەکردنی ئایینی هەیە کە دژبە سەدان ئافرەتی کەمینەی ئێزدی لەکاتی داگیرکردنی موسڵ لەلایەن داعش لە حوزەیرانی 2014 کرا. زیاتر لەمەش لایەنی سێیەم هەیە، ئەویش جیاکاریی لە بەهاکانە کە لەرووی گەڕانەوە بۆ مەرجەع و دەرنەچوون لەو ئینتمایەی کە لەسەر ئاستی تایفە و خێزان و هۆز دەکلرێت کە بە میرات بۆیان ماوەتەوە. ئەمە مەرجەعیەتێکە کە بەلای کولتووری تەقلیدیدا دایدەشکێنێت کە زیاتر نێرینەکانی دەسەڵات و سەربە بنەماڵەی دەسەڵات بۆخۆیانیان پاوانکردوە. پاشان حاڵەتی توندوتیژیی کولتووری و جەستەیی کە کەمینەکانی بەگشتی کردووەتە ئامانج، بۆیە هەستنەکردن بە ئارامی و ترس لە داهاتوو لەو تەحەدا گەورانەن کە بەرۆکی ئافرەتانی کەمینە ئایینەکانی گرتوە. بەتایبەت ئافرەتان سرووشتیان وایە کە لە نەبونی ئارامی و دڵنیاییدا، لەپیاوان هەستیارترن. بەردەوامبونی ئەمەش بۆ ماوەیەکی زۆر، دەبێتە سەرچاوەی هەڕەشە بۆ بوونی دەوڵەت و سەقامگیریی لە کۆمەڵگەدا، چوونکە ئەمە وادەکات نەوەکانی داهاتوش بەهەمانشێوە و لەپێناو ئنیتما بۆ دەوڵەت و دامەزراوەکانی دەوڵەت پەروەردە بکرێن(بڕوانە 31ی سەرچاوەکان).

لێرەدا تێبینیی ئەوە دەکرێت کە ئافرەتان تەنها خۆیان هۆکار نین کە لە سیاسەتدا پەراوێز بخرێن یان بەئەنقەست خۆیان لە چالاکیی سیاسی دورخستبێتەوە. بەڵکو هۆکاری دیکەش هەن. ئەوەش ئەوەیە هەموان ویستوویانە ئافرەت بەرەو ئەو ئاراستەیە بەرن کە بایەخ بە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی بدەن. چونکە ئاستەنگەکانی ئەو بوارە کەمن و ئەوان دەتوانن بەبێ بەشداریکردن لە سەرکردایەتیکردنی ئەو ڕێکخراوانەدا کارەکانیان بکەن و توشی هیچ ئاستەنگێکش نەبنەوە(بڕوانە 32ی سەرچاوەکان). بازنەی بێبەشکردنی سیاسی بۆ ئافرەتان زیاتر لە وڵاتانی عەرەبیدا تەنانەت بەوانەشەوە کە پشتیوانی بەشداریی سیاسیی ئافرەتان دەکەن فراوان بووە. بەبیروڕای (هەنا سۆفی عەبدولحەی) خانمە توێژەر: ئەو ئامادەگییە لاوازەی ژنانی

عـەرەب لەگۆڕەپانـی سیاسـی نەیتوانیـوە پەرلەمـان لـە چنگـی نێرینـەکان دەربهێنێـت هـەروەك چـۆن بەهـۆی هەمـان لاوازییـوە نەیتوانیـوە لـە کۆمەڵگـەدا ئـەو کارە بکات...هەربۆیـە دەبینیـن ئافرەتـان لەبەرامبـەر کۆمەڵـە پەرلەمانتارێکـی پیـاو تەنیـان. وەك ئـەوەی بڵێـی بـە سیاسـەت بێگانـەن، واتـە لەنێـو پیاوانـدا نامـۆن و شـوێنیان نییـە و وا دەردەکـەون کـە هەمیشـە لەژێـر چاودێـری و تاقیکردنـەوەدا بن(هنـا صـوفي عبدالحي،مصـدر سـابق، ص 64).

تەنها گۆڕینی چەنـد یاسایەکی تایبـەت بـە مافەکانـی ئافرەت وەك ئـەوەی لـە بەحرەیـن و سـعوودیە و سوڵتانشـینی عومـان و قەتـەر و تەنانـەت عێراق کـراوە، ئـەوە ناگەیەنێـت ئیـتر ئافرەتـان دەتوانـن مافەکانـی خۆیان پیادە بکـەن. بەڵکـو پرسـەکە پێویسـتی بـە گۆڕانکاریـی عەقڵ و کۆمەڵگـە و کولتـوور هەیـە تا قبوڵـی ئەوە بکـەن ئافرەتـان دەسـت بـە پیادەکردنـی مافەکانـی خۆیـان بکـەن و هاوشـێوەی پیـاوان بـە یەکسـانی جێبەجێـی بکـەن. چەندیـن ئاسـتەنگ هـەن کـە پاشـماوەی کۆمەڵـگە و کولتوورن و هـەر ئەوانە وایانکـردووە کـە ئافرەتـان داوای مافـی دەنگـدان و خۆبەبژێرکـردن بکـەن. لەگـەڵ ئەوەشدا کەچـی هـەر گومـان لـە تواناکانـی ئافرەت دەکرێـت بـۆ بەکارهێنانـی ئـەو مافە. ئەمەجگەلـە گومانکـردن لـە تواناکانیـان بـۆ بەڕێوەبردنـی پۆسـتەکانی تایبـەت بـە بڕیاردانـی سیاسـی و کارگێـڕی. ئافرەتـان خۆرهەڵاتـی ناوەڕاسـتیش بەشـێك لەو بەرپرسـیارێتییەیان کەوتوتـە ئەسـتۆ، چونکـە شـێوازی هەڵبـژاردن لـەو وڵاتانـەی دانیـان بـە مافـی دەنگـدان و خۆبەبژێرکردنـی ئافرەتانـدا نـاوە، ئافرەتـی دەنگـدەر ناگەیەنێتە ئەو بڕوایـەی دەنگ بـە کاندیـدە ئافرەتـەکان بـدەن. بۆیـە زۆربەیـان دەنـگ بـە کاندیدە پیـاوەکان دەدەن کـە هەمـان بۆچوونـی ئافرەتـە کاندیدەکـەی لـە بـواری کۆمەڵایەتـی و ناوچەگەرێتـی هەیـە. ئەمـەش پەیوەنـدی بـە دابەزینـی ئاسـتی خوێندەوارییـەوە نییـە، بەڵکـو ڕەنگـە بـۆ ئـەوە بگەڕێتـەوە کـە ئاسـتی هۆشـیاری ئافرەتـان بەلاڕێـدا بـراوە و بیروهزریـان لەلایـەن فیکرێکـی تونـدڕەوەوە دزراوە کـە سـەرچاوە سـەرەکییەکەی ڕوانگـە کۆمەڵایەتـی و کولتوورییەکانـە، نـەك پەیـڕەو و دەقـە ئاینییـەکان(34).

## 3 - بەرەو هەمواركردنەوەی ئەو یاسا كوردستانییانەی لەبەردەم بەشداریی سیاسیی ئافرەتان لەمپەرن

كرۆكی ئەم بابەتە خۆی لەوەدا دەبینێتەوە كە تەنها ئەوەندە بەس نییە بوترێت بەشداریی سیاسیی ئافرەتانی كوردستان بە بەراورد بە ئافرەتانی عێراق بەگشتی باشترە، بەڵكو پێویستە بەراوردەكە بە وڵاتە چالاكەكانی ئەو بوارە وەك رواندا و وڵاتانی سكەندەنافیا بكرێت، بەتایبەت لە رووی ئەو رێوشوێنانەی كە بۆ فراوانكردنی بەشداریكردنی ئافرەتان پشتی پێ بەستراوە.

سەبارەت بە هەرێمی كوردستان دەكرێت رۆشنایی بخرێتەسەر ئەو راستییەی كە لە بواری بەشداریكردنی سیاسیی ئافرەتاندا، هەرێمی كوردستان پێش وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی و عێراق بەتایبەتی كەوتووە. لە یەكەم هەڵبژاردنی خولی یەكەمی پەرلەماندا لە 19-5-1992، لە كۆی 107 ئەندامی پەرلەمان 9 ئەندامیان ئافرەت بوون واتە بەرێژەی (7%). پاشان لە خولی دووەمی پەرلەمان لە ساڵی 2005 رێژەی بەشداریكردنی ئافرەتان بەپێی دەستوری عێراق و بە دیاریكراوی لە برگەی چوارەمی مادەی (49)، گەیشتە (25%)، لە خولی سێیەمیشدا رێژەكە بۆ (33%) لە كۆی (111) ئەندام بەرزبووە(بڕوانە ی35 سەرچاوەكان). ئەم زیادبونەش دەگەڕێتەوە بۆ هەمواركردنەوەی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نیشتمانی كوردستان - عێراق ژمار (1)ی ساڵی 1992 كە لە مادەی (4)ی یاسای هەمواركراوی ساڵی 2009دا باس لە هەمواركردنەوەی برگەی یەكەمی مادەی (22) لە یاساكە دەكات و دەڵێت: (هەموو قەوارەیەكی سیاسی لە كوردستان-عێراق لیستێكی تایبەت پێشكەشدەكات كە ناوی كاندیدەكانی لە چوارچێوەی كوردستان - عێراق تێدابێت كە رێژەی ئافرەتان تیایدا (30%) كەمتر نەبێت و ریزبەندكردنیان بەوجۆرە بێت كە زامنی ئەو رێژەیەی ئافرەتان بكات كە لە پەرلەمان و ژمارەی بەربژێرەكان لە هەموو لیستێكدا لە سێ كەس كەمتر نەبێت). لەبەر رۆشنایی كاریگەریی جێبەجێكردنی ئەو یاسایە، ئافرەتی

كورد توانی بەربەستی (30%)ی كۆتا تێپەڕێنێت، ئەوەش لەسەر بنەمای كێبڕكێی هەڵبژاردنێكی ئازاد و دەستكەوتنی هێزی دەنگدان بۆ بەدەستهێنانی ئەو كورسیانە تا ڕێژەكە گەیشتە (33%). ئەمەش ئەوە ئاشكرا دەكات كە پێدانی مافی بەشداریی سیاسی بە ئافرەتان و بەپێی دەستور، لە گرنگترین گەرەنتییە یاساییەكانە كە پێویستە بهێزتر بکرێتەوە. دواتریش بۆ ئافرەتان ئاسان دەبێت قۆناغی جێبەجێكردن تێپەڕێنن و بچنە قۆناغی یاسا پەیوەندیدارەكانی وەك یاسای هەڵبژاردن و یاسای حزبە سیاسییەكان. بەڵام لە خولی هەڵبژاردنی چوارەمدا دەبینین بەشداریی ئافرەتان بە بەراورد بە خولی سێیەم، ئەو بازنە كۆتا دیاریكراوە واتە بەربەرستی (30%)ی تێنەپەڕاند (بڕوانە ی36 سەرچاوەكان)، چوونكە كۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن و ڕاپرسی پشتی بە شرۆڤەكردنی یاسای (22) لە هەمان ماددەی یاسایی بەست. ئەوەش لە گۆشەنیگای ئەوەی ڕێژەی ئافرەتان لە پەرلەمان، ڕێژەیەكی جێگیرە و قابیلی گۆڕانكاری بە كەمكردن و زیادكردن نییە، بەواتایەكی دیكە ئەو خانمە پەرلەمانتارانەی كە كورسیی پەرلەمانیان بەپێی شایستەی هەڵبژاردن و كێشی دەنگەكانیان بۆ گرتنەدەستی ئەو كورسییە بەدەستهێناوە، لە بنەڕەتدا بەپێی ڕێژەی (30%)ەكە كە یاسا دیاریكردووە، چوونەتە پەرلەمان، نەك خۆیان ئەوەندە زۆر دەنگیان هێنابێت كە لە سەرووی سەقفی دیاریكراوەوە بێت.

سەبارەت بە ئەنجوومەنی پارێزگاكانی عێراق و بەشێوەیەكی گشتی، ڕێژەی كۆتای ئافرەتان بەهەمانشێوە لە (25%) تێناپەڕێت، بەدیهێنانی كۆتاش مەرجێكی مولزەمە بۆ بەڕێوەچونی پرۆسەی هەڵبژاردن. ئەمەش بەهۆی شرۆڤەی دادگای باڵای فیدراڵی بەدەستهات كە بە ژمارە (13/ت/2007) لە بەرواری (31/7/2007) بڕیاری لێدا و باسی لە ئەگەری سەپاندنی هەمان ڕێژەی نوێنەرایەتیی ئافرەتان لە ئەنجوومەنی پارێزگاكانیشدا كرد. ئەوەش بە ئاماژەدان بە ماددەی (49/ برگەی 4) و ماددەی (14) لە دەستووری عێراق كە جەخت لەبنەمای هەلی یەكسان بۆ ئافرەت و پیاو دەكاتەوە(بڕوانە

ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕووداو
Rudaw Research Center
مركز دراسات رووداو

37ی سەرچاوەکان). بڕیارەکەی دادگای فیدراڵی بەپێویستیزانی هەمان کۆتای پەرلەمانی کە (25%)ە هاوشێوەی پەرلەمانی فیدراڵی، بەسەر کۆی کورسییەکانی ئەنجوومەنی پارێزگاکانیشدا جێبەجێ بکرێت، چونکە هەردووکیان هەمان ئامانجیان هەیە و لە هەمان بواری یاسادانانداا یەکدەگرنەوە. هەروەها لەبەرئەوەش کە کارکردن بەو بڕیارە نەك پێچەوانەی بنەمای هەلی یەکسان نییە کە لە مادەی (14)دا هاتووە، بەڵکو بۆ قۆناغی ئێستا لەگەڵی دەگونجێت. لەمەشەوە ڕوندەبێتەوە کە دادگای باڵای فیدڕاڵی ئەوەی شرۆڤە کردوە کە لە مادەی (49) ی دەستوری عێراقدا هاتوە و وتوویەتی کە یاساکە سەرجەم ئەنجومەنەکانی یاسادانان دەگرێتەوە. واتە ئەنجوومەنی پارێزگاکان و ئەنجوومەنی نوێنەرانی فیدراڵ و پەرلەمانی هەرێمی کوردستان و هەر پەرلەمان یان هەرێمێکی دیکە کە لە داهاتوودا دروستببێت. بەپێی ئەو بڕیارە دادوەرییەش لە کۆی (440) ئەندامی خولی هەڵبژاردنی ساڵی 2009، تێکڕای ئەندامە ئافرەتەکانی ئەنجوومەنی پارێزگاکان گەیشتە (110)، بەڵام لە خولی هەڵبژاردنی ساڵی 2013 لەکۆی (447) ئەندام، (117)یان ئافرەت بوون (التقرير الوطني للتنمية البشرية العراقي للعام 2014، ص 28).

سەبارەت بە هەرێمی کوردستان جیاوازییەکی زۆر لە نوێنەرایەتیی سیاسیی ئافرەتاندا هەیە، بەجۆرێك ڕێژەی کۆتای ئافرەتان لە ئەنجوومەنی پارێزگاندا (25%)ە، بەڵام لە پەرلەمانی کوردستان (30%)ە. لەم خولەی ئێستای پەرلەمانی کوردستان کە ساڵی 2013 دەستپێکرد، لە کۆی (90) ئەندامی سەرجەم ئەنجوومەنی پارێزگاکانی هەرێم، (28)یان ئافرەت بوون کە دەکاتە ڕێژەیەکی بەرزی بەشداریکردن و ئەمەش ڕێژەی (31%) ی تێپەڕاند. لە پارێزگای هەولێر ژمارەی خانمە بەربژێر (9 ئافرەت لە کۆی 30 ئەندام کە دەکاتە ڕێژەی 30%)، لە پارێزگای سلێمانی (10 ئافرەت لە کۆی (32) ئەندام کە دەگاتە ڕێژەی 31)، لە پارێزگای دهۆك (9 ئافرەت لە کۆی 28 ئەندام کە دەکاتە ڕێژەی 32%). ئەم زیادەیەی هەرێم کە لە کۆتای عێراقی

ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕووداو
Rudaw Research Center
مركز دراسات رووداو

(25%) زیاترە، نیشانەی ئەوەیە کە کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکانی عێراق لە بەرژەوەندیی ئافرەتان کاری بە شرۆڤەکەی ماددەی (49) لە دەستوری عێراق کردووە. بەجۆرێك ئەو خانمانەی کە بوونەتە خاوەنی کورسی، بەهۆی بوێری و هێزی دەنگەکانی خۆیانەوە بووە و ئەوانە نەچونەتە ناو ئەو کۆتایەی کە دەستوری دیاریکردوە. بەمجۆرە ئەمە کاریگەری خۆی لەسەر زیادکردنی ڕێژەی نوێنەرایەتیکردنی ئافرەتان لە ئەنجوومەنی پارێزگاکاندا لە عێراق بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی هەبووە کە پەیوەندییان بە یەکترەوە هەیە.

هەرچۆنێك بێت، ڕاپۆرتی عێراق بۆ پەرەپێدانی مرۆیی لەم بوارەدا ئاماژە بەوە دەکات کە: (زۆربەی ئافرەتە کاندیدکراوەکانی عێراق لەلایەن کوتلە و حزبە سیاسییەکانەوە لەسەر بنەمای نەتەوەیی و تایفەگەری و ناوچەگەری و خێڵەکی دەستنیشانکراون. سەرەڕای دەستنیشانکردنی لاوازیی کاری سیاسیی ئافرەتان بەگشتی و کاری پەرلەمانی بەتایبەتی، بەڵام ناکرێت ئەو ڕاستییەش فەرامۆش بکەین کە قۆناغی ڕاگواستنی دیموکراسیی تازە پێگەیشتوو، پیویستی بەکاتە تا بگاتە شارەزایی و ئەزموونێکی پێگەیشتوو. ئەوەی لەم نیشاندەرەدا گرنگە ئەوەیە ئەمە باشترین بنەمای دەستورییە بۆ مافی ئافرەت لە بەشداریکردنی سیاسیدا، ئەمەش هەر وا ئاسان نەبووە. ئافرەتانی عێراق لەو پارێزگایانەی مۆرکی خێڵەکی و ئایینی و ناوچەگەرێتییان پێوەدیارە، ڕووبەڕووی ئاستەنگێکی زۆر بوونەتەوە تا توانیویانە ئەو مافە بەدەستبهێنن(مصدر سابق، ص 28).

لەم بوارەشدا دەکرێت ئەگەری هەموارکردنەوەی هەردوو یاسای حزبە سیاسییەکانی کوردستان ژمارە (17)ی ساڵی 1993ی هەموارکراو و یاسای پشتیوانیی دارایی حزبەکانی هەرێمی کوردستان ژمارە (5)ی ساڵی 2014 ڕوونبکرێنەوە. ئەوەش بەپێی گونجاندنیان لەگەڵ ناوەڕۆکی بەتواناکردنی سیاسیی ئافرەتانی کوردستان و زیادکردنی کاریگەریی بەشداریکردنیان لەڕێگەی

دەستەبەرکردنی داواکارییەکانی ژینگەی سیاسی بۆ پەرەپێدانی سیستەمی ماف و ئازادییەکانی ئافرەتان بەگشتی، ئینجا بزوتنەوەی ئافرەتانی کوردستانیش بەتایبەتی.

پێش ئاماژەدان بە ماددە و بڕگەکان، پێویستە ئەو ماددە و بڕگانە هەموار بکرێنەوە تا کێشەکانیان بۆ توێژینەوە بگونجێت و هاوکار بێت بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی کە پەنجەیان دەخەینەسەر، پێویستە ئەوەش بوترێت کە دوای پێداچوونەوە بە هەردوو یاساکە، تێبینی ئەوە دەکەین کە هەردووکیان زۆر جەخت لەسەر پشتبەستن بە بنەمایەکی ڕووکەشی نێوان ژن و پیاو دەکەنەوە. بەتایبەت لەڕووی پەیوەندیکردن بە حزبە سیاسییەکان و جیاوازی نەکردن لەنێوانیاندا، ئافرەتانیش هاوشێوەی پیاوان مافیان هەیە بەشداری لە دامەزراندنی حزب و پەیوەندیکردن پێوەی و گەیشتن بە ڕێکخراوە حزبییەکان (سەرکردایەتی)ی ناو حزبەکان بکەن(قانون الاحزاب السياسية الكوردستاني)، بەڵام ئەو پرسیارەی لێرەدا سەرهەڵدەدات ئەمەیە: ئایا ئەم یەکسانییەی لە یاسای حزبە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان و زۆربەی یاسای حزبە سیاسییەکانی وڵاتانی دیکەدا هاتووە(41)، تاکە مەرجە بۆ گەیشتنی ئافرەتان بە ناوەندەکانی سەرکردایەتی و بەڕێوەبردنی حزب یان بەشداریکردن لە ئاراستەکردنی سیاسەتی حزبەکە بەجۆرێك کە لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگە بەگشتی و بەرژەوەندیی ئافرەتان و پرسی ئافرەتان لەناو حزبەکەدا بەتایبەتی یەکبگرێتەوە؟

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە کە کرۆکی (کێشەی توێژینەوەکەیە) ئەم توێژینەوەیە بۆ دووتەوەری سەرەکی دابەشدەکەین و تیایدا چارەسەر بۆ هەریەك لە یاساکانی حزبە سیاسییەکانی کوردستان و یاسای بودجە دەدۆزینەوە. ئەوەش لەڕووی کەموکورتی و چۆنێتی چارەسەرکردنیان بەهۆی ئەو پێشنیازانەی بۆ هەموارکردنەوەیان دەیکەین. ئەو دوو یاسایە لەگەڵ چەند یاسایەکی دیکەی پەیوەندیدار لە وڵاتانی دیکە بەراورد دەکەین کە قۆناغێکی گەورەیان لە پێشکەوتن

## یەکەم: یاسای حزبە سیاسییەکانی کوردستان

لە بواری سیستەمی کۆتای ئافرەتان بڕیووە. جا ئەوە لەسەر ئاستی وڵاتانی جیهان وەك ڕواندا یان لەسەر ئاستی ناوچەیی و خۆرهەڵاتی ناوەڕاست یان باکوری ئەفریقا بێت.

یەکەمجار پەرلەمانی کوردستان-عێراق لە سالی 1993یاسای ژمارە (17)ی تایبەت بە حزبە سیاسییەکانی دەرکرد(بڕوانە 42ی سەرچاوەکان). پێشتریش وتمان ئەم یاسایە ژن و پیاوی لە بواری بەشداری و ئینتیما بۆ حزبە سیاسییەکان یەکسان کرد. هەر لە دامەزراندنی حزب و پەیوەندیکردن پێوەی تا گەیشتن بە پێگەکانی سەرکردایەتی لەناو حزبدا باسی ئەو یەکسانییە کراوە. ئەمەش لە دەقی بڕگەی (5) لە ماددەی (چوارەم) ئاماژەی پێکراوە کە یەکێك لە مەرجە پێویستەکانی بیروباوەڕ و ئامانجی حزبی سیاسی ئەوەیە لەسەر ڕەگەز و ئایین و مەزهەب جیاکاری نەکات و جیاکاریش بڵاونەکاتەوە(بڕوانە 43ی سەرچاوەکان). بەراوردیش بە یاسای عێراقی، ئەو یاسایە مەرجی هاونیشتمانی بوونی بۆ لایەنگرانی دامەزرێنەری حزبە سیاسییەکان داناوە و دەشبێت ئەوانە هەڵگری ڕەگەزنامەی عێراقی بن. ئەمە جگەلە دیاریکردنی تەمەن و جیاکاری نەکردن لەنێوان ژن و پیاو، هەروەها دەبێت ئامانج و بنەماکانی حزبەکە دژبە دەستووری عێراق نەبێت(بڕوانە 44ی سەرچاوەکان).

یاسادانەرانی مەغریب لە دیباجەی یاساکانیان (دیباجەی درێژ) ئاماژەیان بە ئەگەری ئەوە داوە هەموو مەغریبییەکان بە نێر و مێوە دەتوانن بەبێ جیاکاری و بێبەشکردن تێکەڵی حزبە سیاسییەکان بن(بڕوانە 45ی سەرچاوەکان). لە ڕوانداش بەهەمان شێوە، چوونکە دەستوری ئەو وڵاتە کە لە (4ی حوزەیرانی 2003) دەرکرا و بەپێی دواهەمواریش کە لە (17ی حوزەیرانی 2010) کرا لە بڕگەی (9)ی دیباجەکەدا، بەروونی ئاماژە بەوەدەکات کە کۆماری ڕواندا پابەندە بە پەیماننامەی بنبڕکردنی سەرجەم شێوازەکانی توندوتیژی لە دژی ئافرەتان (پەیماننامەی سیداو) کە ساڵی 1979 ئیمزاکراوە. هەروەها لە بڕگەی (10)ی دیباجەکەدا دەقی یاساکە دەڵێت

ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕووداو
Rudaw Research Center
مركز دراسات رووداو

کـە دەوڵـەت: "پابەنـدە بـە زامنکردنـی یەکسـانی لـە مافەکانـی تایبـەت بـە ڕواندییـەکان لـە ئافـرەت و پیـاو بەبـێ جیـاکاری لـە جـۆری ڕەگەزیـان، هەروەهـا دەسـتەبەرکردنی یەکسـانیی تـەواو و پەرەپێدانـی نیشـتمانی"( بڕوانـە 46ی سـەرچاوەکان).

لەمـەوە بۆمـان دەردەکەوێـت کـە پابەندبونـی دەوڵەتێکـی ئەفریقایـی وەك ڕوانـدا بـەم پەیماننامەیـە و پاشان ئاماژەپێدانـی لە دیباجـەی دەسـتووردا، نیشـانەی گەورەیـی قەبـارەی ئـەو هەوڵەیـە کـە خـودی دەوڵـەت بـۆ گەیشـتن بـە هێنانەکایـەی یەکسـانی لەنێـوان ژن و پیـاو داویەتـی. ئینجـا پێدانـی مـاف و ئازادییـەکان بـە یەکسـانی لـە سـەرجەم کایەکانـی ژیـان بـە هەلـی کارکـردن لـە بـواری سیاسـی و حزبیشـدا. ئەگـەر یاسـای دەوڵەتـان بەگشـتی کـۆك بـن لەسـەر پێویسـتیی پەیڕەوکردنـی یەکسـانی لەنێـوان ژن و پیـاو، ئەوکاتـە پرسـیارە گرنگەکـە لەوبارەیـەوە ئەمـە دەبێـت: "ئایـا دەسـتەبەرکردنی یەکسـانییەکی ڕووکـەش لەنێـوان هـەردوو ڕەگـەز، هـاوکار دەبێـت بـۆ بەشـدارییپێکردنی کارای ئافرەتـان لـە ژیانـی سیاسـی و حزبیـی لـە هەرێمـی کوردسـتان؟

دەتوانیـن وەڵامـی ئـەم پرسـیارە بـە نەخێـر بدەینـەوە، چونکـە مەودایەکـی زۆر لەنێـوان ئـەو دەقـەی یاسـا هەیـە کـە دەڵێـت (پێویسـتە بکرێـت) لەگـەڵ جێبەجێکردنـی لـە واقعـدا (ئـەوەی کـە کـراوە) بەجۆرێـك دەسـتەبەرکردنی یەکسانییەکی ڕووکـەش لەنێوان هـەردوو ڕەگـەز هەرگیـز خزمەتـی ئافرەتانـی نەکـردوە تـا بگـەن بـە پۆسـتە باڵاکانـی سـەرکردایەتی لەنـاو حزبـە سیاسـییەکاندا، هەروەهـا ڕۆڵێکـی دیاریشـی لـە کایـەی سیاسـەتدا بـە ئافـرەت نـەداوە. ئەوەتـا دوای تێپەڕبونـی نزیکـەی (25) سـاڵ، کـە ماوەیەکی زۆرە، بەسـەر دەرکردنـی یاسـای حزبـەکان و جێبەجێکردنـی لـە هەرێمـی کوردسـتان، هێشـتا ئافرەتـی کـورد نەچوەتـە بازنـەی سـەرکردایەتیەکی ڕاسـتەقینەی نـاو سـەرجەم ڕێکخسـتنەکانی حزبـە سیاسـیەکانەوە. ڕۆڵێکـی کاریگەریشـی لـە بڕیارەکانـی حـزب و سیاسـەتەکانی هەرێمـدا نەبـووە. دەکرێـت ئەمـەش بـە جێبەجێکردنـی نیشـاندەرەکانی تایبـەت بـە بەتواناکردنـی ئافرەتانـی کوردسـتان لەکایـە سیاسـیدا بکرێـت بـە سێ بەشـەوە کـە ئەمانـەن:

أ- دیاریکردنی ڕێژەی سەدیی ئافرەتان لە پێگەكانی سەرکردایەتی لەناو حزبە سیاسییەكاندا.
ب- دیاریکردنی ڕێژەی سەدیی ئافرەتان لە پۆستە وزارییەكانی ناو دەسەڵاتی جێبەجێکار.
ت- دیاریکردنی ڕێژەی سەدیی ئافرەتان لە پلە و ناوەندە سەرەكییە گشتییەكاندا(بڕوانە 47ی سەرچاوەكان).

سەبارەت بە جێبەجێکردنی نیشاندەری یەکەم، واتە پێگەكانی سەرکردایەتی لەناو حزبە سیاسییەكاندا دەكرێت تێبینی ئەوە بكرێت كە جیاوازییەكی زۆر لەنێوان دەقی یاساكە و جێبەجێكردنیدا هەیە. ئەوەتا كۆی ئەندامە ئافرەتەكانی مەكتەبی سیاسیی حزبە سەرەكییەكان(بڕوانە 48ی سەرچاوەكان) لە (7) كەس تێناپەڕن كە تێكڕا (103) ئەندامن واتە ڕێژەی بەشداریكردنی ئافرەت لە بڕیارەكانی حزبی كوردی تەنها (7%)ە. بەجۆرێك ڕێژەی بەشداریكردن لەنێوان (سفر%) لە پارتی دیموكراتی كوردستان و (27%) لە یەكێتی نیشتمانی كوردستان. ئەم ڕێژە نزمەی بەشداریی سیاسیی ئافرەتان پەلی بۆ ئەنجوومەنەكانی سەركردایەتیش كێشاوە و لە كۆی (109) ئەندامی سەركردایەتی تەنها (39)یان ئافرەتن كە ئەمەش دەكاتە ڕێژەی (21%)ی ئافرەتان، لەو ڕێژەیەش (10%)ی بەر پارتی دیموكراتی كوردستان واتە ( 6 ئەندامی ئافرەت لە كۆی 52 ئەندام) و (26%) بۆ یەكگرتووی ئیسلامیی كوردستان (واتە 9 ئەندامی ئافرەت لە كۆی 35 ئەندام) كەوتووە(بڕوانە 49ی سەرچاوەكان)، ئەمەش لەكاتێكدایە كە پارتی دیموكراتی كوردستان پابەندە بە سیستەمی كۆتا و لە ماددەكانی (216-222) بەشی (22) لە پەیڕەوی ناوخۆیی حزبەكەدا بۆ ساڵی 2010 بەرگری لە ماف و ئازادییەكانی ئافرەتیش دەكات و بە دەق دەڵێت: (بەردەوامبوون لەسەر جێبەجێكردنی سیستەمی كۆتا كە تایبەتە بە گرتنەدەستی پۆستە باڵاكان و پۆستە حكومییەكان لەم قۆناغەدا) و (دووركەوتنەوە لە هەموو جیاكارییەكی كۆمەڵایەتی (جێندەری) و هەموو جۆرە توندوتیژییەك دژی ئافرەتان و پشتیوانیكردن لە یاسای تایبەت بەو بوارە) و

هەروەهـا (بەرەنگاربونـەوەی ئـەو دابونەریتانـەی کـە ئاسـتەنگن لەبـەردەم گەیشـتنی ئافرەتـان بـە مافەکانیـان لـە کۆمەڵگـەی کوردسـتانیدا).

سـەبارەت بـە جێبەجێکردنـی نیشـاندەری دووەم، واتـە پۆسـتە وزارییەکانـی نـاو دەسـەڵاتی جێبەجێـکار دەبینیـن کـە ژمـارە وەزارەتـەکان لـە کابینـەی وزاریـی چـوارەم لـە نێـوان سـاڵانی (1992-2005) لـە کـۆی (27) ئەنـدام (یـەك وەزیـری ئافـرەت) هەبـوو، دواتـر لـە کابینـەی پێنجـەم کـە هـەردوو ئیدارەکـەی هەرێمـی کوردسـتان یەکیانگرتـەوە ژمـارەی وەزیـرە ئافرەتـەکان لەکـۆی (41) ئەنـدام گەیشـتە (4 وەزیـری ئافـرەت) پاشـان لـە کابینـەی شەشـەمدا دیسـان بـووەوە بـە (یـەك وەزیـری ئافـرەت) لـە کـۆی (21) ئەنـدام، هەروەهـا لـە کابینـەی هەشـتەم لـە سـاڵی 2014 دیسـان (یـەك وەزیـری ئافـرەت) لـە کـۆی (23) ئەنـدام هەبـوو، لەمەشـەوە تێدەگەیـن کـە رێـژەی بەشـداریکردنی سیاسـیی ئافرەتـان بەتایبـەت لـەم کابینەیـەی ئێسـتا (4%) تێنەپەڕیـووە، ئەمـەش نیشـانەی پاشەکشـەیەکی رونـی بەشـداریکردنی ئافرەتانـە بـەراورد بـە کابینـەی پێنجـەم کـە رێـژەی بەشـداریکردن تیایـدا گەیشـتە نزیکـەی (10%)( بڕوانـە 50ی سـەرچاوەکان).

ئەگـەر بمانەوێـت تیشـك بخەینـە سـەر وردەکاریی بەشـداریکردنی ئافرەتـان لـە جومگەکانـی کابینـەی هەشـتەم، بۆمـان دەردەکەوێـت کـە لـە کـۆی (204) راوێـژکار، (30) راوێـژکاری ئافـرەت هـەن، ژمـارەی خانمـە بەڕێوەبـەرەکان لەکـۆی (319) بەڕێوەبـەری گشـتی (36) بەڕێوەبـەر بـوون، لەمەشـەوە دەتوانیـن بڵێیـن رێـژەی راسـتەقینەی ئافرەتـان لـە سـەرجەم پۆسـتەکانی ئـەو کابینەیـەدا تەنهـا (12%) بـووە. دەبێـت ئاگاشـمان لـەوە بێـت هـەرکات لـە دامـەزراوەی سـەرۆکایەتیی هەرێـم نزیـك ببینـەوە، رێـژەی بەشـداریکردنی سیاسـیی ئافرەتـان کەمتر دەبێتـەوە: لەسـەر ئاسـتی راوێـژکار لـەو دامەزراوەیـەدا کـە (6) راوێـژکاری هەیـە، هیـچ خانمـە راوێژکارێکـی سیاسـی و نـا سیاسـی نابینرێـت. لەسـەر ئاسـتی بەڕێوەبـەری گشـتی کـە ژمارەیـان (6)ە، تەنهـا یـەك ئافـرەت هەیـە

و هیچ جێگرێکی ئافرەتیشیان نییە. ئەمەش واتای ئەوەیە کە ڕێژەی بەشداریکردن لە دامەزراوەی سەرۆکایەتیی هەرێمدا لە باشترین دۆخدا لە کۆی (21) پۆست بە پۆستەکانی سەرۆکی هەرێم و جێگرەکەشییەوە تەنها (4.7%) بووە(بڕوانە 51ی سەرچاوەکان).

ئەمە دەمانگەیەنێتە ئەو ڕاستییەی کە بڵێین ئافرەتی کورد پێویستی بەزیاتر لەو یەکسانییە رووکەشە هەیە کە ئێستا بوونی هەیە، تا بتوانێت ڕۆڵی ئەرێنیی خۆی بۆ نوێکردنەوە و پەرەپێدانی سیاسی بگێڕێت. ئەوان بەپلەی یەك پێویستیان بە پشتبەستن بە پێوەری دادپەروەری هەیە تا بتوانن ڕۆڵی خۆیان ببینن و بەرژەوەندییە گشتییەکانی خۆیان بەدەستبهێنن، ئەوەش دوای ئەوەی بە ڕوونی بۆمان دەرکەوت کە پێوەری یەکسانییە ڕووکەشەکان، واتە یەکسانیی بەردەم یاسا، ناتوانێت بەرژەوەندی و خەونەکانی ئافرەت بەتایبەت لە کایەی سیاسیدا دەستبەر بکات، ئەمە جگەلەوەی خودی حکوومەت و پێکهاتە ئیداری و سیاسیی لەراستیدا تەنها واقعی هاوسەنگییە حزبییەکان دەنوێنن.

بۆیە ڕێژەی بەشداریکردنی ئافرەتان لە تێکڕای پۆستە باڵاکانی وەك پارتی دیموکراتی کوردستاندا (9%) تێناپەڕێت و لە یەکێتیی نیشتمانی کوردستانیش (18%) و لە بزوتنەوەی گۆڕان (14.5%)( بڕوانە 52ی سەرچاوەکان). ئەمەش لەلایەکی دیکەوە ئەوە دەسەلمێنێت کە هێشتا حزبە کوردستانییەکان بە چاوی گەیشتن بە دەسەڵاتی سیاسی تەماشای ئافرەتان دەکەن و وایدەبینن کە ئافرەتان هێزێ بەدەستهێنانی دەنگە و دەبێت لە ماوەی هەڵبژاردندا قۆرغ بکرێن، بێئەوەی ڕەچاوی ئەوە بکەن کە بەشداریکردنی ئافرەتان بە شێوەیەکی کارا و کاریگەر لە سەرکردایەتی حزب و ناوەندی بڕیاردانەدا، کارێکی زۆر پێویستە. ئەو پرسیارە سەرەکییەی کە لێرەدا دروستدەبێت ئەمەیە: چۆن دەتوانرێت دادپەروەری بۆ ئافرەتان لە کۆمەڵگەیەکدا بێتەدی کە نێرینە تیایدا باڵادەستە و زۆربەی باوەڕی بەوە نییە ئافرەت

بگاتە بازنەی سەرکردایەتیکردنی حزب و ناوەندی بڕیار، بگرە ئەو کۆمەڵگەیە هەر باوەڕی بە بەشداریی ئافرەت و چوونەناو بواری سیاسی و ڕێکخراوەیی حزبی نییە و پێیانوایە ئەو ناوەندانە تەنها بۆ نێرینەیە؟

بەگەڕانەوە بۆ پەیماننامەی سیداو کە پێشتر باسکرا و عێراقیش بەپێی یاسای ژمارە (66)ی ساڵی 1986 چوە ناویەوە و سەرەڕای پارێزبەندیی عێراق لەسەر هەندێك لە ماددەکانی، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە لە عێراقدا پشت بەو پەیماننامەیە نابەسترێت(بڕوانە 53ی سەرچاوەکان). ماددەی (3) لە پەیماننامەکە جەختدەکاتەوە لەسەر ئەوەی کە: وڵاتانی ئەندام هەموو ڕێوشوێنێکی گونجاو لە بوارەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕۆشنبیری بگرنەبەر بۆ زامنکردنی پەرەپێدان و پێشکەوتنی ئافرەتان و گەرەنتیی ئەوەیان پێ بدرێت کە مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە سیاسییەکان لەسەر بنەمای یەکسانیی ژن و پیاو پیادەدەکەن.

لەمەشەوە یاسای نوێ یان پەنجەرەیەکی نوێ دەکرێتەوە کە بگات بە قۆناغی بەتواناکردنی ئافرەتان و ڕێگەیان پێبدات مافە سیاسییەکانیان پیادە بکەن، لەوەشەوە بواری تەواو لەبەردەمیاندا بکرێتەوە تا ئەوانیش توانا و لێهاتویی خۆیان بسەلمێنن، ئەمەش هاوکاریمان دەکات بۆ ئەوەی هەموارکردنەوەیەکی جەوهەری لە یاسای حزبە سیاسییەکانی کوردستاندا بکەین.

کەسانێك هەن دەڵێن پێویستە بگەڕێینەوە بۆ دەستوری ساڵی 2005ی عێراق کە چۆنێتی بەشداریکردنی سیاسیی ئافرەتانی ڕوونکردنەوەتەوە و ڕێژەی بەشداریکردنیشیانی لە پەرلەمان دیاریکردووە. لە ماددەی (49) و لە برگەی چواری ئەو ماددەیەدا ئاماژە بەوە کراوە کە دەبێت نوێنەرایەتیکردنی ئافرەتان کەمتر نەبێت لە یەك لەسەر چواری سەرجەم ئەندامانی ئەنجوومەنی نوێنەران. هەروەها یاسای هەموارکراوی هەڵبژاردنی عێراق بە ژمارە (45)ی ساڵی 2013 زۆر بە دیاریکراوی لە ماددەی (13)

دا جەختدەکاتەوە لەسەر ئەوەی کە: "یەکەم- پێویستە ژمارەی بەربژێرە ئافرەتەکان لە لیستێکدا (25%) کەمتر نەبێت، لە ئەنجوومەنیشدا (25%) کەمتر نەبێت. دووەم- مەرجە لەکاتی پێشکەشکردنی لیستێکدا ڕەچاوی ڕیزبەندیی ئافرەتان بکرێت و لە دوای هەر سێ پیاوێك ناوی ئافرەتێك بێت." واتە لەناو هەر لیستێکی هەڵبژاردندا پێویستە لە هەر چوار بەربژێرێك یەکێکیان ئافرەت بێت و ڕیزبەندییەکە تاکۆتایی بەوشێوەیە بێت. دەتوانرێت ئەم یاسایە بە پێشکەوتنێکی گەورە بۆ ئافرەتان تەماشا بکرێت کە ئافرەت دەکاتە خاوەنی ماف و ئازادییە سیاسییەکان. ئەمە وەك پێشکەوتنێکی ئیجابی وایە کە بە گشتی هاوکاریی ئافرەتانی عێراقی کردووە بگەن بە پەرلەمان و سەرجەم حزبە سیاسییەکانیشی پابەندکردووە بە بەربژێرکردنی ئافرەتان لە لیستەکانیان بەجۆرێك کە لەدوا وێستگەدا لە خزمەتی خودی ئافرەتاندا بێت.

**لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە دوو تێبینیی سەرەکیمان لەسەر ئەم بۆچوونە یاساییە هەیە و بەمجۆرە دەیخەینەڕوو:**

تێبینی یەکەم: پێدانی ڕێژەی (25%) لە کۆی کورسییەکانی پەرلەمان و ئەنجوومەنی پارێزگاکان، پاشان کارکردن بەو ڕێژەیە لە یاسای هەڵبژاردنەکانی عێراق یان هەرێم، بەو جۆرە کاریگەرە خزمەتی بە ئافرەتان نەکردووە کە لە ئاست خواستەکانی ئافرەتاندا بێت. لەوانەشە هۆکارەکە ئەوە بێت کە زۆربەی حزبە سیاسییەکان ناچار کرابن بەشداری بە ئافرەت بکەن لەکاتێکدا ئەو حزبانە قەناعەتیان بە توانا و لێهاتوویی ئافرەتان نییە یان باوەڕیان بەوە نییە هیچ ڕۆڵێکیان پێ بدەن تا بەرگری لە پرسەکانی کۆمەڵگە بکەن. بۆیە ئەوان کاریان لەسەر ئەوە کردووە لیستەکانیان بە ئافرەتی بێ توانا پڕبکەنەوە، ئەنجامەکەشی ئەوە بووە چەند ئافرەتێك گەیشتونەتە پەرلەمان کە توانای ئەوەیان نەبووە خواستەکانی ئافرەتان بهێننەدی و کار بۆ بەرژەوەندیی ئافرەتان لە کۆمەڵگەدا بکەن.

ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕووداو
Rudaw Research Center
مركز دراسات رووداو

تێبینی دووەم: بابەتی ئەم بەشەی توێژینەوەکەمان باس لە بەشدارپێکردنی ئافرەت لە ناوەندی بڕیار لەناو حزب و قەوارە سیاسییەکان دەکات، تێبینی ئەوە دەکرێت کە دەستووری عێراق بەشداریکردنی ئافرەتانی لە ئەنجومەنەکانی یاسادانان ڕێکخستوە، بەڵام باس لە بەشداریکردنیان لە ڕێکخراوەکان و دامەزراوە حوکمی و ناحومییەکانی هەردوو کەرتی گشتی و تایبەت ناکات. واتە بەشداریکردنی ئافرەتانی تەنها بۆ پەرلەمان بەرتەسك کردووەتەوە بەبێ بەشداریکردنیان لە دامەزراوەکانی هەردوو دەسەڵاتی جێبەجێکردن و دادوەری، ئەمەش هاوکار نەبووە بۆ ئەوەی ئافرەتان بەتایبەت و سیستەمی کۆتا بە شێوەیەکی گشتی ئەنجامی خوازراوی لێ بکەوێتەوە.

ئەگەر کاریش لەسەر بەراوردکردنی هەموو ئەمانە بە دەستووری کۆماری ڕواندا بکەین، دەبینین لە ماددەی (8)ی ئەو دەستوورەدا جەخت لەسەر ئەوە کراوەتەوە کە هەڵبژاردن، مافی تەواوی سەرجەم هاوڵاتیانە بە یەکسانی و بۆ هەردوو ڕەگەز کە مەرجەکانی ئەو یاسایەیان تێدایە(بڕوانە 54ی سەرچاوەکان). هەروەها ماددەی (9) لە هەمان دەستوور دەڵێت: "دەوڵەتی ڕواندا خۆی پابەند دەکات بەوەی کە لە بنەما گشتییەکاندا باسکراوە...-3 دابەشکردنی دادپەروەرانەی دەسەڵات.-4 بنیادنانی دەوڵەتێك کە سەروەریی یاسا و دیموکراسیی فرەیی و یەکسانی حوکمی سەرجەم ڕواندییەکان و ئافرەت و پیاو بکات لەگەڵ زامنکردنی پێدانی مافێك بە ئافرتان کە لە (30%) کەمتر نەبێت لە کۆی پۆستەکانی ناوەندەکانی بڕیار".

لێرەشدا تێبینی ئەوە دەکرێت کە دەستووری ڕواندا هەر (30%)ی کۆی کورسییەکانی پەرلەمانی بە ئافرەت نەبەخشیوە، بەڵکو پەرپوەتەوە بۆ سەرجەم دامەزراوەکانی بڕیاریش (هەرلە دامەزراوەکانی دەوڵەت بەگشتی و حزبە سیاسییەکان بە تایبەتی)، ئەمە جگەلە کۆمەڵە و سەندیکا و دامەزراوەی دیکە کە لە پرۆسەی بڕیاردانەدا بەشدارن(بڕوانە 55ی سەرچاوەکان). ئەمە ئاشکرای دەکات کە لەبەرئەوەی سیستەمی سیاسیی

رواندا بە راستەوخۆ کاری لەسەر پتەوکردنی بەرژەوەندییەکانی ئافرەت و مافەکانی کردووە و لە دەستووردا بەدەستهێنانی مافی کۆتای لە کۆی کورسییەکانی پەرلەمان بەگشتی و پۆستی دامەزراوەکانی دەوڵەت بەتایبەتی بۆ زامنکردوون. بە دەقیش مافی ئافرەتی بۆ گەیشتن بە پشکێك زامنکردووە کە لە هیچ حاڵەتێکدا لە (30%)ی کورسییەکانی ئەنجوومەنی پیران(بڕوانە 56ی سەرچاوەکان) و ئەنجومەنە ناوخۆییەکان کەمتر نەبێت(بڕوانە 57ی سەرچاوەکان)، ئەمەش وایکردووە ئافرەتان ماف و ئازادییە سیاسی و ناسیاسییەکانی خۆیان بەپێی دەستور پیادەبکەن لە سەرجەم دامەزراوەکانی دەوڵەتدا، لە هەمانکاتیشدا ئەمە هانی ئافرەتانی رواندای داوە کورسیی پەرلەمانیی زیاتریان هەبێت و بەربەستی کۆتای (30%) ببڕن، ئەوەش بە پشتبەستن بە کێبڕکێی هەڵبژاردنی ئازاد و هێزی دەنگی پێویست بۆ بەدەستهێنانی کورسی. ئەمەش یارمەتیی داون هەنگاو بە هەنگاو نزیکەی (60%)ی کۆی کورسییەکانی پەرلەمان بۆخۆیان مسۆگەر بکەن. بۆیە دەگەینە ئەو راستییەکەی مافی بەشدایکردنی سیاسیی ئافرەتان بەپێی دەستور، گرنگترین گەرەنتیی یاساییە کە پێویستە بۆ ئافرەت بەدیبێت. دواتریش بۆ ئافرەتان ئاسانە لە پرۆسەی جێبەجێکردنەوە بۆ یاسا پەیوەندیدارەکانی وەك یاسای هەڵبژاردن و یاسای حزبە سیاسییەکان بپەڕنەوە.

ئەگەر بەراورد لەنێوان هەردوو دەستوری عێراقی و رواندی بکەین، بۆمان دەردەکەوێت کە ئافرەت لە عێراق دەتوانێت تەنها چارەکی (25%)ی کورسییەکانی ئەنجوومەنی یاساداان بەدەستبهێنێت بەبێ کورسیی دەزگا و دامەزراوەکانی دەوڵەت، لەلایەکی دیکەوە دەستکەوتنی ئەو کۆتا پەرلەمانییە هاوکار دەبێت بۆئەوەی ئافرەتان وردەوردە بەتێپەڕبونی کات کاربکەن لەسەر گۆڕینی ژینگەی سیاسی و یاسایی و کۆمەڵایەتیی خۆیان کە لە بەرژەوەندیی خۆیاندا بێت. بەڵام نەبوونی سیستەمی کۆتا لە دامەزراوە و دەزگاکانی دیکەی دەوڵەت وەك دەسەڵاتی جێبەجێکردن و دادوەری و پاشان حزبە سیاسییەکان و کۆمەڵە و سەندیکاکان، هەروەها عەقڵیەتی بێبەشکردن و جیاکاری لە

کۆمەڵگەی عێراقیدا، کاریگەریی زۆری لەسەر پرۆسەی گەشەکردنی دۆخی ئافرەت و گەورەبونی تواناکانیان هەبووە و وایکردووە ئەوان تائێستا لە دەرەوەی بازنەی ناوەندی بڕیاری سیاسی و حزبی و سەندیکایی بمێننەوە. ئەمە وای لە ئافرەتان کردوە بۆ زامنکردنی بەشداریکردنی سیاسییان داوای هەموارکردنەوەی یاسای حزبەکان بکەن تا بتوانن بەو هەموارکردنەوەیە بگەنە بە سەرجەم دامەزراوە و دەزگاکانی دەوڵەت. بەجۆرێك ئافرەتانی کوردستان ئەوانەی کە لە کایەی سیاسیدا کاردەکەن پێیانوایە لەڕێی جێبەجێکردنی دەستوور و یاسای هەڵبژاردنەوە ئافرەت دەتوانێت بگاتە پەرلەمان، بەڵام ئەو گەیشتنە بەهۆی کۆتای پەرلەمانییەوە ئامانجە سەرەکییەکانی پشت بەشداریکردنی سیاسیی ئەوان ناهێنێتەدی. نەك هەر ئەمە، بگرە واشیکردووە ئافرەتی بێ توانا بگاتە پەرلەمان کە لەوانەیە هەندێکیان لە بنەڕەتدا هەر باوەڕیان بە ماف و ئازادییەکانی ئافرەت نەبێت و تەنها پابەندن بە بەرژەوەندیی حزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی خۆیانەوە بەوجۆرەی کە خزمەت بە ئامانج و باوەڕی نێرینەی حزبە سیاسییەکان بکات کە ئەمەش دواجار زیان بە بەرژەوەندیی ئافرەتان بەگشتی دەگەیەنێت.

ئەمانەی هەموو باسکران هاندەرن بۆئەوەی چاو بە یاسای حزبە سیاسییەکانی کوردستان بخشێنینەوە و هەوڵ بدەین پەنجە بخەینە سەر ئەو بابەتانەی کە پێویستە هەموار بکرێن. ئەوەش بە ئامانجی پەرەپێدانی ئەو یاسایە و نزیکردنەوەی لەوەی دادپەروەری بدات بە ئافرەت و مافەکانی زامن بکات. چونکە گەیشتنی ئافرەت بە دەزگا و ئەنجومەنەکانی سەرکردایەتیی حزبە سیاسییەکان، گەرەنتییە بۆ گەیشتنی کادری ئافرەتانەی لێهاتوو بۆ ئەنجوومەنی نوێنەران و دامەزراوەکانی دیکەی دەوڵەت. لێرەوە پێویستە لەسەر حزبەکان بۆ دیاریکردنی سەرکردەکانیان لە ژن و پیاو پشت بە ڕێکارە دیموکراسییەکان ببەستن، ئەوەش لەڕێگەی سازکردنی کۆنگرەی گشتییەوە. هەروەها دیاریکردنی پشکێکی دیاریکراو بۆ ئافرەت لە سەرجەم پلە وەزیفی و سەرکردایەتییەکانی حزبدا بەجۆرێك پشکی کۆتا بکرێتە ناچاری

نـەك ئیختیـاری. پێویستیشـە پڕۆگرامێکـی حزبیـی روون لـەلای رێکخسـتنە باڵاکانـی حـزب هەبێـت کـە لەگـەڵ پێویسـتییەکانی ئافـرەت بگونجێـت. واتـە بوونـی رێوشـوێنی کارکردنـی ناوخۆیـی بۆ پەرەپێدانـی کادرانـی ئافـرەت یـان بەشـدارییپێکردنی ئافرەتـان لـە پێگەکانـی سـەرکردایەتی لەنـاو حزبـدا بەشـێوەیەکی دیموکراسـی و راسـتەخۆ، ئـەوەش بـە دابینکردنـی بەشـێك لـە بودجـەی هـەر حزبێـك دەکرێـت کـە بـۆ گەشـەپێدانی کادرە حزبیـەکان تەرخانیکـردوە و بـە مـاددی و مەعنـەوی پشـتیوانییان دەکات، هەروەهـا بەشـێکی دیکـە لـەو بودجەیـە بـۆ هەڵمەتەکانـی هەڵبژاردنـی خـودی بەربژێـرە ئافرەتەکانـی تەرخانبـکات.

لەسـەر رۆشـنایی ئەمـە، ئـەم پرسـیارە دروسـتدەبێت: ئـەو ماددانـە چیـن کـە دەبێـت کار لەسـەر هەموارکردنەوەیـان بکرێـت بەجۆرێـك کـە کاراکردنـی رۆڵـی ئافرەتـان لـە سـەرکردایەتیکردنی رێکخسـتنە حزبییەکانـدا زامـن بـکات؟

دەتوانرێـت بگوترێـت کـە لەکاتـی پێداچوونـەوە بـە یاسـای حزبە سیاسـیەکانی کوردسـتان، تێبینـی ئەوەمـان کـرد کـە مەودایەکـی گـەورە بـۆ هەموارکـردن و زیادکردنـی هەندێـك مـاددە و بڕگـەی یاسـایی هەیـە کـە خزمـەت بـە بیرۆکـەی بەشـدارییپێکردنی ئافرەتـان و پتەوکردنـی چالاککردنیـان بـۆ بـواری سـەرکردایەتیکردن لەنـاو حزبـە سیاسـییەکان دەکات و دەبێتـە فاکتەرێکـی کاریگـەر و سـەرچاوەی سـەرەکیی بـۆ دروسـتکردنی بڕیـار لەسـەر ئاسـتی هەرێـم و دەوڵـەت بـە گشـتی، وەك ئەمانـەی خـوارەوە:

1.مـاددەی (4/بڕگـەی 5) لـە یاسـاکە کـە بـاس لـە جیـاکاری نەکردنـی رەگـەزی لەنێـوان ژن و پیـاو لـە پرۆگرامـی حـزب دەکات، لێـرەدا پێشـنیاز بـۆ یاسـادانەرانی کوردسـتان دەکەیـن کـە دەقـە یاسـاییەکە بەمجـۆرە بێـت: "...بڵاونەکردنـەوەی جیـاکاری لـە رەگـەز و ئاییـن و تایفـە... تەنها لـە یـەك حاڵەتـدا نەبێـت کـە ئـەو جیاکارییـە بـە ئەرێنـی لـە بەرژەوەندیـی مافـی ئافـرەت بێـت". ئەمـەش بـوار دەڕەخسـێنێت پەیـڕەوی سیاسـەتی جیـاکاری لەنـاو حـزب و سـەندیکا و کۆمەڵـەکان لـە بەرژەوەندیـی ئافرەتـان بێـت،

ئەوکاتـەش بـە ناچـاری لـە دامەزراوەکانـی زانکـۆ و پـەروەردە و تەنانـەت ئەمنـی و سـەربازییەکانیش پەیـڕەو دەکرێـت.
2.مـاددەی (6) کـە تایبەتـە بـە مەرجـی مۆڵەتـی کارکردنـی حزبـی سیاسـی، دەکرێـت دوو برگـەی سـەرەکی بـۆ ئـەم ماددەیـە زیـاد بکرێـت:

أ- مەرجـە لەکاتـی پێشکەشـکردنی داواکاری بـۆ مۆڵـەت، یـەك لەسـەر سـێی دەسـتەی دامەزرێنـەری حـزب ئافـرەت بـن.

ب- لـە هەمانکاتـدا دەکرێـت بڕگەیەکـی دیکـە بـۆ هەمـان مـاددە زیـاد بکرێـت کـە حزبـە سیاسـییەکە پابەنـد بـکات بـە نوسـینی دەقێکـی دیاریکـراو لـە پەیـڕەوی ناوخۆیـدا کـە بەمجـۆرە بێـت: "وەزارەتـی ناوخـۆ رەزامەنـدی دەرنابڕێـت بـۆ پێدانـی مۆڵـەت بـە حزبەکـە ئەگـەر دەقـی پەیـڕەوە ناوخۆییەکـەی ئـەوەی تیایـدا نەبـوو کـە یـەك لەسـەر سـێی ئەندامانـی رێکخسـتنە فەرعـی و سـەرەکییەکانی لـە ئافرەتـن و ئەندامبونیـش تیایـدا لەسـەر بنەمانـی هەڵبژاردنـی ئـازاد بێـت". ئەمـەش ئـەوە دەگەیەنێـت کـە پێویسـتە هەڵبژاردنـی ئەندامەکانـی حـزب لـە ژن و پیـاو بـە یەکسـانی لەرێگـەی هەڵبژاردنێکـی ئـازاد و بێگـەردی نـاو رێکخسـتنەکانی حـزب بکرێـت هـەر لـە بنکـەی حزبەکـەوە تـا لوتکەکـەی. بەمـەش دەکرێـت گەیشـتنی ئافرەتـی لێهاتـوو و خـاوەن توانـای بـەرز بـە پلـە جیـاوازەکان زامنبکرێـت تـا بتوانێـت تێکەڵـی چالاکیـی حزبەکـە و پرۆسـەی بڕیـاردان بێـت و دواجـار گـۆڕانـکاری لەنـاو خـودی حزبەکـەدا دروسـتبێت و لەوێشـەوە ئافرەتـان گەرەنتیـی ئـەوە وەردەگـرن کـە دەتوانـن خۆیـان بـۆ پۆسـتە سـەرەکییە سیاسی و غەیـرە سیاسـییەکانی دەوڵـەت کاندیـد بکـەن.

3. مـاددەی (10) تایبـەت بـە لێکدانـی دوو حـزب یـان زیاتـر، لێـرەدا پێشـنیازی زیادکردنـی ئـەم برگەیـە دەکەیـن: لێکـدان و یەکگرتنـی نێـوان دوو حـزب یـان زیاتـر دژی ئـەوە نەبێـت کـە لـە مـاددەی (6)ی ئـەم یاسـایەدا هاتـووە.

## دووەم: یاسای پشتیوانیکردنی دارایی لە حزبەکانی هەرێمی کوردستان - عێراق

4.دەقی ماددەی (8) بەمجۆرە بێت: "پێویستە لە ماوەیەکدا کە لە (6) مانگ زیاتر نەبێت، حزبەکان بەپێی ئەم یاسایە چاکسازی لە دۆخی خۆیان بکەن". ئەوەش بە ئامانجی ئەوەی بوار بە حزب و کادرە سیاسییەکانی بدات خۆیان لەگەڵ پەیڕەوی ناوخۆیاندا رابهێنن بەپێی ماددە و بڕگە یاساییە پێشنیازکراوەکان و دواتر بچنە ناو هەڵبژاردنی ناوخۆیی حزبەکانیان کە لەگەڵ بنەمای دادپەروەری و بەتواناکردنی سیاسیی ئافرەتان بگونجێت.

هەموو ئەوەی پێشتر باسکرا لە بنەڕەتدا لە بازنەی بەتواناکردنی ئافرەتان لەرێی بەشدارییپێکردنیان لە ئەندامێتی و سەرکردایەتیی حزبەکان و دواتر بەهێزکردنی ئەو بەشداریکردنە دەرناچێت. لەپێناو ئەوەشدا پێویستە لەسەر یاسادانەری کورد یاسای پشتیوانیکردنی دارایی لە حزبەکانی هەرێمی کوردستان هەمواربکاتەوە بەجۆرێك کە زامنی بەشداریکردنی ئافرەتان لە کایەی حزبی بکات، ئەوەش لەرێگەی پشتبەستن بە دوو رێگەی سەرەکیی هاوشانی یەکتر بکریت کە ئەمانەن:

1.غەرامەکردن و سزای دارایی ئەو حزبانە بدرێت کە سەرپێچی ناوەڕۆکی ئەو دەقانەی یاسای حزبەکان دەکەن کە لە بەرژەوەندیی بەشداریکردنی سیاسیانەی ئافرەتان نوسراوە، یان دەکرێت پشکی داراییان لە بودجەی ساڵانە پێ نەدرێت یان بەشێکی لێ ببڕدرێت. بەجۆرێك هەر حزبێك سەرپێچی بکات، (ئەگەر پشکی دیاریکراو بە ئافرەت نەدات کە لە یاسای حزبەکاندا هاتووە یان پەنا بۆ رێگای نادیموکراسی بۆ کاندیدکردنی ئافرەت بۆ پۆستە باڵاکانی ناو حزب بەرێت)، ئەو جۆرە سەرپێچییە حزبەکە روبەڕوی سزایەك بکاتەوە کە بەزۆری سزای دارایی بێت وەك غەرامەیەك کە دەبێت حزبی سەرپێچیکار بیدات. ئەمەش لە ماددەی (3)دا روونکراوەتەوە کە دەقەکەی دەڵێت: "ئەو حزبانەی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە، لە پشتیوانیی دارایی ساڵانە بێبەش دەکرێن ئەگەر حزبەکە هەڵوەشێتەوە یان سەرپێچیی ماددەکانی یاسای ژمارە (17)ی هەموارکراوی ساڵی 1993 بکات".

2.لەڕێگەی هاندانی حزبە سیاسیەکان بەپێدانی پشکی دارایی زیاتر لەپاڵ ئەو پشکەی لە بوودجەی ساڵانە بۆی تەرخانکراوە. ئەوەش کاتێك ئەگەر حزبەکە بەشداریکردنی ئافرەتانی لە بازنە سەرەکییەکانی سەرکردایەتیی حزبەکەیدا زامنکرد، ئەوکاتە ڕێژەیەکی زیاتری پێبدرێت وەك لەوەی کە لە یاسای حزبەکاندا هاتووە. لەم چوارچێوەیەشدا دەکرێت بڕگەی (7) لە ماددەی (1)ی یاسای پشتیوانیکردنی دارایی لە حزبە سیاسییەکاندا هەموار بکرێتەوە و بەمجۆرەی لێ بکرێت: "پێدانی ڕێژەیەکی زیاتر بە حزبەکانی ناو دەقی ئەم یاسایە کە لە کورسیی کۆتا لە پەرلەمان بۆ ئافرەتان تەرخاندەکەن". دەکرێت بڕگەیەکی دیکەی سەرەکیش زیاد بکرێت کە تایبەت بێت بە تەرخانکردنی کۆتای ئافرەتان لەناو سەرکردایەتیی حزبە سیاسییەکان و دەستە سەرەکییەکانیدا. ئێمەش ئەم دەقە بۆ یاسادانەر پێشنیاز دەکەین کە بگوترێت: "ئەگەر هەر حزبێکی سیاسی ڕێژەی (40%)ی کورسیەکانی کۆتای ئافرەتانی لەناو پەرلەمان بەدەستهێنا، واتە ئەگەر زیاتر لەوەی بەدەستهێنا کە لە دەستور و یاسای حزبە سیاسییەکاندا هاتووە و هاوشان بێت لەگەڵ زیادکردنی نوێنەرایەتیی ئافرەتان لەناو ئەنجومەن سەرەکییەکانی حزب بە ڕێژەی (30% - 40%)، ئەوا نرخی یەك کورسیی پەرلەمان دوو ئەوەندە دەبێت وەك لەوەی بەڕێژەی (0.0005) بڕیاری لێدراوە". مەبەستیش لەمە هاندانی حزبەکانە کە دەستبکەن بە بەتواناکردنی ئافرەتان لەناو ڕێکخستنە ناوخۆییەکانیان و لەناو ئەنجومەنەکانی یاسادانان، ئەمەش بەوجۆرە دەکرێت کە پشکێکی زیاتر لە بودجەی ساڵانە بەو حزبە بدرێت کە ڕەچاوی زامنکردنی نوێنەرایەتیی ئافرەتان بەڕێژەی (40%) لە کۆی کورسییەکانی پەرلەمان دەکات کە ئەو حزبە بەدەستیهێناوە. ئەوکاتەی حزبەکە ئەو ڕێژەیە دەستەبەر دەکات و زیاتر لە ڕێژەی بڕیاردراوی پێدرا، پێویستە حزبەکە پابەند بێت بەوەی پارە زیادەکە بۆ پشتیوانیکردن و بەتواناکردنی ئافرەتان بەکاربهێنێت. ئەوەش بە ئامانجی گەیشتنی ئافرەتان بە پۆستەکانی سەرکردایەتیی حزبەکە و پاشان ناوەندەکانی سەرکردایەتیکردن لە دامەزراوەکانی دەوڵەتدا دەبێت.

بەکورتی ئەگەر یاسای حزبەکان بەوجۆرە هەموار بکرێت کە لەگەڵ ماف و ئازادییەکانی ئافرەتان یەکبگرێتەوە، پێشنیاز بۆ یاسادانەرانی کوردستان دەکەین، زنجیرەیەك هەموارکردنەوەی یەك لەدوای یەك لە یاساکانی دیکەشدا بکەن، لە سەروو هەموشیانەوە کارکردن لەسەر هەموارکردنەوەی یاسای هەڵبژاردن کە هاوشانی کۆتای ئافرەتانی پێشنیازکراو بێت. بەپێچەوانەوە یاسای هەڵبژاردن بەم دەقەی ئێستایەوە لەگەڵ ئەو هەموارکردنەوە گونجاوانە هاوئاهەنگ نابێت کە لە هەردوو یاسای حزبەکان و پشتیوانیی دارایی حزبەکاندا دەکرێن.

لەپێناو زامنکردن و بەدیهێنانی ئەوەی ئاماژەی پێدرا، پێویستە دەسەڵاتی یاسادانان یان لایەنی پەیوەندیدار ڕۆڵی چاودێریی خۆیان لە دەرکردنی هەر یاسایەکی نوێدا بگێڕن تا لەگەڵ ئەو دەقانەدا بگونجێت کە لە یاسای حزبە سیاسییەکان یان یاساکانی دیکەدا هەیە. پێشنیازیش بۆ یاسادانەری کوردستان دەکەین چاودێریکردنی حزبەکان لەم بوارەدا ڕەوانەی لایەنی پەیوەندیدار لە پەرلەمان بکات یان "لیژنەی بەرگری لە مافەکانی ئافرەتان" ڕەوانەی دەستەیەکی باڵا بکات کە تایبەتمەند بێت بە بواری ئافرەتان و دەستەکە سەربە پەرلەمان بێت تا چاودێریی ڕێوشوێنەکان و پەیڕەوی ناوخۆی ڕێکخراوە سیاسییەکان بەگشتی بکات. پێداچونەوەیەکی سەرتاسەریش بۆ سەرجەم یاساکان بکات بە ئامانجی پێدانی دادپەروەری بە ئافرەتان لە سەرجەم بوارەکان و پاشان زامنی جێبەجێکردنی ئەو یاسا پەیوەندیدارانە و زامنی ئەو یاسایانەش بکات کە لە داهاتوودا دەردەکرێن.

## کۆتایی

بابەتەکەمان بە بوونی ئامانجێك کورت دەکەینەوە کە مافی بەشداریکردنی ئافرەتان ئامانجێکە گەڕانەوە لێ نییە و دەبێت ئەوەی لە گرتنەبەری ڕێوشوێن و میکانیزم پێویستە، بۆی بکرێت. دەوڵەت کارلەسەر ئەوەدەکات کە گۆڕانکارییەکان بەهۆی سیستەمی کۆتاوە لە بەرژەوەندیی ئافرەتان بگۆڕێت چونکە دادپەروەی ئەوەیە مامەڵەی یەکسان لەگەڵ کەسە

جیاوازەکان لە روی ئابووری و کولتووری بکات، بەجۆرێك لە بەرژەوەندیی بەشخوراوەکان واتە ئافرەتان بێت. لەلایەکی دیکەوە تەنها چەکی کۆتای ئافرەتان لە پەرلەماندا، مانای ئەوە نییە یەکسانیی تەواو بەدەستهاتووە. بەڵکو ئەوە تەنها هانگاوێکی گەورەیە بەرەو بەدەستهێنانی ئامانجەکە، چونکە کۆتا پێویستی بە کۆمەڵە رێوشوێنێکی یاسایی و سیاسیی هەیە کە ئامانج لێی بەتواناکردنی ئافرەتان و فراوانکردنی چوارچێوەی جۆری تواناکانی بێت، تا بەوکارە بازنەی بڕاردنەکانی ئافرەت هاوتای بازنەی زۆرینەی خۆسەپێنی نێرینە ببێتەوە. بەڵام لە نەبوونی دەستوورێکی کوردستانیی نوسراودا، دەبێت کۆمەڵێك چاکسازیی یاسایی بۆ کۆمەڵێك یاسا و رێنمایی پەیوەندیدارشابەشانی یەکتر بکرێن تا بتوانرێت ئامانجی سەرەکیی بۆ هێنانەکایەی دادپەروەری بەدەستبێت و لەسەر بنەمای دادپەروەری مامەڵە لەگەڵ ئافرەتان بکرێت. ئەوەش بە بیرۆکەیەکی یاسایی بۆ دوو لایەن دەکرێت: یەکەم خۆی لە نەهێشتنی سەرجەم ئاستەنگەکانی بەردەم ئەو یاسایانەدا دەبینێتەوە کە پەیوەندیدارن و لەمپەریان لەبەردەم ئافرەتان داناوە. دووەم خۆی لە دوو بازنەدا دەبینێتەوە: یەکەمیان جێبەجێکردنی سزا بەرامبەر ئەو حزب و قەوارە سیاسییانەی پشت بە کۆتای ئافرەتان نابەستن یان بە رێژەیەکی کەم جێبەجێی دەکەن و پرۆگرامی پشتیوانی بۆ بەشداریکردنی ئافرەتان و زیادکردنی هەل لە بەردەمیان بەراورد بە پیاوان پەیڕەو ناکەن. لە بازنەی دووەمیشدا دەبێت ئاسانکاری و هاوکاری بۆ ئەو حزبە سیاسییانە بکرێت کە پەیوەستن بە پەیڕەوکردنی کۆتا و رێژەیەکی زیاتر لەوە بۆ ئافرەتان دادەنێ کە یاسا دیارییکردووە.

## سەرچاوەکان

1 - أمارتيا صن، التنمية حرية، ترجمة شوقي جلال، سلسلة عالم المعرفة، العدد (303) المجلس الوطني للثقافة والفنون والآداب، الكويت، مايو 2004، ص ص 208– 209.

2 - كيت ناش، السوسيولوجيا السياسية المعاصرة: العولمة والسياسة والسلطة، ترجمة د. حيدر حاج إسماعيل، المنظمة العربية للترجمة، بيروت، حزيران 2013،، ص 301.

3 - أنظر وقارنْ مع تشارلز آر. بيتز، فكرة حقوق الانسان، سلسلة عالم المعرفة، العدد (421)، المجلس الوطني للثقافة والفنون والآداب، الكويت، فبراير 2015، ص ص 202 – 204.

4 - أنظر كيت ناش، السوسيولوجيا السياسية المعاصرة، مصدر سابق، ص ص 303– 304.

5 - للمزيد من التفاصيل أنظر المصدر نفسه، ص ص 304، 307– 310.

6See Kate Nash, "Liberal Feminism", in, Lorraine Code (ed.), Encyclopedia of feminism theories, op. cit. , P. 305.

7 - فاطمة حافظ، تمكين المرأة الخليجية: جدل الداخل والخارج، سلسلة دراسات إستراتيجية، العدد (128)، مركز الإمارات للدراسات والبحوث الإستراتيجية، أبو ظبي، 2008، ص12.

8 - للمزيد من التفاصيل أنظر د. حسام الدين علي مجيد، إشكالية التعددية الثقافية في الفكر السياسي المعاصر: جدلية الاندماج والتنوع، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت، تموز 2010، ص ص -246 248.

See Carol Lee Bacchi, "Affirmative action", in, Paul Barry Clarke and Joe Foweraker- 9 (eds.) Encyclopedia of democratic thought, Rutledge, London, 2001,, P. 5.

10 -تمَّ توقيع هذه الإتفاقية من قبل (20) دولة بداية الأمر، ثم إنضَّمتْ اليها الدول الأُخرى تِباعاً حتى بلغ عدد الدول الموقعة (185) دولة حتى هذه اللحظة بما فيها كل الدول العربية عدا السودان والصومال. وتؤكد الإتفاقية على معالجة التمييز ضد المرأة بصورةٍ شاملة من خلال إلتزام الدول الأطراف بإتخاذ التدابير المُؤدية الى تحقيق المساواة الفعلية بين الجنسين في كافّة المجالات. ومن بين هذه التدابير: تعديل التشريعات الوطنية، وإزالة الصورة النمطية التقليدية لأدوار كِلا الجنسَين. من أجل ذلك، تشكّلت (لجنة سيداو الدولية) التي تَتولَّى مراقبة الدول الأطراف لعملية تنفيذ بنود الإتفاقية. وفي العام 1999 صَدَرَ ملحق خاص بالإتفاقية عُرِفَ بتسمية (البروتوكول الإختياري) الذي وُضِعَ مَوضِعَ التنفيذ عام 2000. للمزيد من التفاصيل أنظر هنا صوفي عبد الحي، الكوتا النيابية النسائية بين التأييد الدولي والمواقف العربية المتناقضة، المجلة العربية للعلوم السياسية، الجمعية العربية للعلوم السياسية، العدد (23)، بيروت، صيف 2009، ص ص 59– 60. أنظر أيضاً تشارلز آر. بيتز، فكرة حقوق الانسان، مصدر سابق، ص 202.

11 - المادة (7) من إتفاقية سيداو لِسنة 1979، من الموقع الألكتروني:
[www.un.org/womenatch/daw/text/0360793A.pdf], on 12-07– 2017.

Rudaw Research Center
مركز دراسات روداو

For more details see and compare with Veronique Mottier, “Feminism and gender - 12 theory: the return of the state”, in, Gerald F. Gaus and Chandran Kukathas (ed.), Hand-.book of political theory, Sage Publications, London, 2004,PP. 278 – 279

13 - للمزيد من التفاصيل أنظر فاطمة حافظ، تمكين المرأة الخليجية، مصدر سابق، ص ص 11-13 . أنظر أيضا د. عمار عباس و د. بن طيفور نصر الدين، توسيع حظوظ مشاركة المرأة الجزائرية في المجالس المنتخبة أو تحقيق المساواة عن طريق التمييز الإيجابي، مجلة الأكاديمية للدراسات الإجتماعية والإنسانية، قسم العلوم الإقتصادية والقانونية بجامعة حسيبة بن بوعلي بالشلف، الجزائر، العدد (10)، جوان 2013، ص 88.

14 - سواني هانت، "دعوا النساء لِيَحْكُمن"، في، فرانسيس فوكوياما وآخرون، مستقبل القوة، ج1، منشورات مجلة كولان، أربيل، 2014 (باللغة الكوردية)، ص 236.

15 - في العام 2007، تم تعديل قانون التنظيمات السياسية الراوندي، الذي ينصُّ على أنَّ قوائم الأحزاب لجميع الكيانات السياسية يجب أن تضم ما لا يقل عن (30%) من المرشحات دون أن يشتمل القانون أيّة أحكام بشأن الترتيب التسلسلي للمرشحات. وعقب هذا التعديل، وبالاقتران مع المقاعد الـ(24) المخصصة للنساء من مُجمل عدد مقاعد مجلس النواب البالغ (80) مقعداً، فقد بلغ عدد المقاعد النسائية رقماً قياسياً عالمياً في الانتخابات التشريعية لعام 2008، حيث كان (56.25%) من إجمالي المنتخبين. ثم تكرر ذلك في الانتخابات التشريعية لعام 2013، حيث شكلت النساء هذه المرة (63.75%) من مجموع المقاعد النيابية. ويُعزى هذا التقدم الكبير الذي تُحْرِزهُ رواندا في المشاركة السياسية النسوية وتمثيلها النيابي ما بعد الحرب الأهلية والإبادة الجماعية(1990-1994) إلى التطبيق الفعّال لآليات وتدابير التمكين السياسي النسوي ولا سيّما نظام الكوتا النسوية، فضلاً على اصدار تشريعات قانونية نوعية مثل قانون حظر جميع أشكال التمييز والطائفية، واللائحة الأساسية لقواعد سلوك المنظمات السياسية وأعضائها لسنة 2005 والتي تشجع على الإلتزام بالأنظمة والضوابط القانونية والادارية والنزاهة، وتنظيمها لجميع الأنشطة السياسية في رواندا. للمزيد من التفاصيل أنظر مشروع نظام الكوتا العالمي، على الموقع الأكتروني: .http://www.quotaproject.org/country/rwanda], on 02-09- 2017]

16- للمزيد من التفاصيل أنظر د. عمار عباس ود. بن طيفور نصر الدين، توسيع حظوظ المرأة الجزائرية في المجالس المنتخبة، مصدر سابق، ص ص86،89. للمزيد من التفاصيل أنظر د. إدريس لكريني، نظام الكوتا وتمثيلية المرأة في البرلمان، مصدر سابق، ص ص11،4-5. بخصوص حالة راوندا، تزداد فاعلية النساء سياسياً نتيجة قيام البرلمانيات الراونديات منذ العام 2006 على تدريب وتعليم وتوعية النساء حول كيفية أداء وادارة مؤسسات المجال العام وبخاصة بعد إنقضاء مدة تمثيلهن النيابي. مما ساعد ذلك على رفع نسبة النساء في "رئاسة" الحكومات المحلية والبلدية من (24%) الى (44%). للمزيد من التفاصيل أنظر سواني هانت، دعوا النساء لِيَحْكُمن، مصدر سابق، ص ص237-239.

17 - إدريس لكريني، نظام الكوتا وتمثيلية المرأة في البرلمان، مصدر سابق، ص ص3،11. أنظر أيضاً نعيمة سمينة، قانون الكوتا النسوية في دول المغرب العربي، مصدر سابق، ص ص24-23. يُلاحظ في حالة موريتانيا، أنَّ المرأة إضافةً الى ما تقدم ذكره قد حققت مكاسب عديدة في مجال المشاركة السياسية ومن بينها: اعتماد سياسة التمييز الايجابي في تولي المراكز القيادية والعامة، بروز أحزاب سياسية تترأسها نساء، تخصيص قائمة وطنية انتخابية خاصة بالنساء، ترأس النساء لـ(5) وزارات عام =2016، إضافة إلى توليها مراكز قضائية ودبلوماسية وادارية. للمزيد من التفاصيل أنظر وسيم حسام الدين الأحمد، التمكين السياسي للمرأة العربية، مصدر سابق ، ص ص -232 233.

للمزيد من التفاصيل بخصوص نظام الكوتا الأردني أنظر يوسف سلامة حمود المسيعدين، الآثار السياسية للنظام الإنتخابي في الأردن، مجلة المستقبل العربي، مركز دراسات الوحدة العربية، العدد(433)، آذار 2015، ص ص94-93. أنظر أيضاً مشروع نظام الكوتا العالمي من الموقع: [http://.www.quotaproject.org/country/jordan], on 02-09- 2017.

18 - للمزيد من التفاصيل أنظر تقرير التنمية الانسانية العربية للعام 2016: الشباب وآفاق التنمية الانسانية في واقعٍ متغير، برنامج الامم المتحدة الانمائي (إعداد)، نيويورك، 2016، ص78.

19 - للمزيد من التفاصيل أنظر كلثم الغانم، الأُطر الفكرية والحدود النظرية للفكر النسوي العربي: نظرة تحليلية، مجلة المستقبل العربي، مركز دراسات الوحدة العربية، العدد(401)، تموز 2012، ص ص18-17. أنظر أيضاً أحمد البعلبكي، عن ليبرالية موعودة تقصر إندماج الأفراد على طوائفهم: نموذج متبلور عن لبنان، مجلة عُمران للعلوم الإجتماعية والإنسانية، العدد(4)، المركز العربي للأبحاث ودراسة السياسيات، الدوحة، ربيع 2013، ص ص46 47-.

20 - أنظر آن كورثويس، "النسوية"، في، طوني بينيت وآخرون، مفاتيح إصطلاحية جديدة: معجم مصطلحات الثقافة والمجتمع، ترجمة سعيد الغانمي، المنظمة العربية للترجمة، بيروت، أيلول 2010، ص 686.

21 - أليسون م. جاغار، "عولمة الأخلاقيات النسوية"، في، أوما ناريان وساندرا هاردنغ (تحرير)، نقض مركزية المركز: الفلسفة من أجل عالم متعدّد الثقافات بعد- إستعماري ونسوي، ج1، ترجمة د. يُمنى طريف الخولي، سلسلة عالم المعرفة، العدد (395)، المجلس الوطني للثقافة والفنون والآداب، الكويت، ديسمبر2012، ص ص 52، 53.

22 - للمزيد من التفاصيل أنظر أليسون م. جاغار، عولمة الأخلاقيات النسوية، ص ص 55، 63 – 65.

23 - للمزيد من التفاصيل أنظر إرشادات حول الكوتا النسائية في الانتخابات اللبنانية، برنامج الأمم المتحدة الإنمائي (إعداد)، آب 2015، ص ص -2 3.

24- أنظر هنا صوفي عبد الحي، الكوتا النيابية النسائية بين التأييد الدولي والمواقف العربية المتناقضة، المجلة العربية للعلوم السياسية، الجمعية العربية للعلوم السياسية، العدد (23)،

بيروت، صيف 2009، ص 58. أنظر أيضاً تقرير التنمية الانسانية العربية للعام: الشباب وآفاق التنمية الانسانية في واقعٍ متغير، برنامج الامم المتحدة الانمائي (إعداد)، نيويورك، 2016، ص78.

25 - للمزيد من التفاصيل أنظر تقرير التنمية الانسانية العربية للعام 2016، مصدر سابق، ص ص 85- 86.

26 - زينة الزعتري، "نهضة نسوية عربية: إمكانيات وضرورات"، في، جين سعيد المقدسي وآخرون (تحرير)، النسوية العربية رؤية نقدية، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت، حزيران 2012، ص ص78-79

27 - للمزيد من التفاصيل أنظر د. ميرفت حاتم، ماذا تريد النساء؟ نحو خريطة نقدية للإتجاهات المستقبلية للنسوية العربية، مجلة المستقبل العربي، العدد (401)، تموز2012، ص ص26-28

28 - تقرير التنمية الانسانية العربية للعام 2016، مصدر سابق، ص ص-78 79.

29 - للمزيد من التفاصيل أنظر نُهى بيومي، "الأُنوثة والدرس النسوي: الباحثة والبحث النسوي والطوق الثقافي في لبنان"، في، جين سعيد المقدسي وآخرون(تحرير)، النسوية العربية، مصدر سابق، ص ص146-147.

30 - للمزيد من التفاصيل حول أشكال التمييز تجاه المرأة اللبنانية على صُعُد: دورها الأُسري والأهلية القانونية والأحوال الشخصية، أنظر وقارن مع: أحمد البعلبكي، عن ليبرالية موعودة تقصر إندماج الأفراد على طوائفهم، مصدر سابق، ص ص46-47. ثم قارن ذلك مع نتائج الدراسة الميدانية المميَّزة التي أجرتها د. أسماء جميل رشيد، والتي شملت(2100) مرأة من الأقليات الدينية بنحو(300) مرأة لكلٍ من طوائف:(الكورد الفَيليين، الكلدان والآشوريين، الأرمن، الصابئة، الشَبَك، التركمان). -31 أنظر د. أسماء جميل رشيد، "نساء الأقليات: واقعٌ وتحديات"، في، سعد سلوم(إعداد)، الأقليات في العراق: الذاكرة والهوية والتحديات، مؤسسة مسارات للتنمية الثقافية والإعلامية، بغداد، 2013، ص ص-243 246.

32 - للمزيد من التفاصيل أنظر المصدر نفسه، ص ص237-239، 244-246.

33 - هنا صوفي عبدالحي، الكوتا النيابية النسائية بين التأييد الدولي والمواقف العربية المتناقضة، مصدر سابق، ص 64.

34 - للمزيد من التفاصيل أنظر وقارن مع: فاطمة حافظ، تمكين المرأة الخليجية، مصدر سابق، ص ص 33-34،36-38. -35 كذلك أنظر وقارن مع يوسف سلامة حمود المسيعدين، الآثار السياسية للنظام الإنتخابي في الأردن، مصدر سابق، ص95.

36 - للمزيد من التفاصيل أنظر دانا سلام وآخرون (إعداد)، أثر مكانة المرأة في دائرة صنع القرار على العملية الديمقراطية لإقليم كوردستان، منظمة ئيمه، أربيل، 2016، ص ص -23 25. المصدر نفسه، ص ص 23-24.

-37 نصت المادة (14) من الدستور العراقي على أنَّه: "العراقيون متساوون أمام القانون دون

تمييز بسبب الجنس أو العرق أو القومية أو الاصل أو اللون أو الدين أو المذهب أو المعتقد أو الرأي أو الوضع الاقتصادي أو الاجتماعي".

38 - التقرير الوطني للتنمية البشرية العراقي للعام 2014، وزارة التخطيط العراقية، 2014، ص 28.

39 - التقرير الوطني للتنمية البشرية العراقي للعام 2014، مصدر سابق، ص 28.

40 - أنظر الفقرة (1) من المادة (اولاً) من قانون الاحزاب السياسية الكوردستاني.

41 - أنظر على سبيل المثال قانون الاحزاب السياسية العراقي رقم (35) لسنة 2015. (المنشور في العدد (4383) تشرين الاول من 2015/ الوقائع العراقية) وتنص المادة (4/اولاً) من هذا القانون على انه :"للمواطنين رجالاً ونساءً حق المشاركة في تأسيس حزب سياسي أو الانتماء اليه أو الانسحاب منه". أنظر أيضاً المادة (5) من قانون الاحزاب السياسية المغربي الصادر في 20 اكتوبر 2005.

42 - تم اصدار هذا القانون استناداً الى احكام الفقرة (1) من المادة (56) من قانون رقم (1) لسنة 1992، في 13/10/1993.

43 - أنظر الفقرة (5) من المادة (رابعاً) من قانون الاحزاب السياسية الكوردستاني.

44 - أنظر المواد (8) و (9) من قانون الاحزاب السياسية العراقي.

45 - أنظر ديباجة الستور المغربي الصادر في 20/10/2005.

46 - أنظر الدستور الرواندي الصادر سنة 2003 والمعدل سنة 2010.

47 - للمزيد من التفاصيل أنظر المواد (190-192) من إعلان ومنهاج عمل (مؤتمر بكين) مؤتمر المرأة الرابع لمنظمة الأمم المتحدة، بكين، (14-15) سبتمبر 1995.

48 - إنَّ هذه البيانات يشمل أربعة أحزاب رئيسية وهي: (الحزب الديمقراطي الكوردستاني، والاتحاد الوطني الكوردستاني، وحركة التغيير، والاتحاد الاسلامي الكوردستاني).

49 - للمزيد من التفاصيل أنظر دانا سلام وآخرون (إعداد)، أثر مكانة المرأة في دائرة صنع القرار على العملية الديمقراطية لإقليم كوردستان، مصدر سابق، ص ص 10-19.

50 - للمزيد من التفاصيل أنظر الموقع الرسمي لحكومة اقليم كوردستان: [http://cabinet.gov.krd/p/page.aspx?l=14&s=030000&r=370&p=265&t=0&h=1]، تاريخ الزيارة: 19-8-2018.

51 - للمزيد من التفاصيل أنظر دانا سلام وآخرون (إعداد)، أثر مكانة المرأة في دائرة صنع القرار على العملية الديمقراطية لإقليم كوردستان، مصدر سابق، ص 35.

52 - للمزيد من التفاصيل بخصوص هذه النسب والبيانات أنظر المصدر نفسه، ص ص 10-19.

53 - صادقَ العراق على اتفاقية الغاء جميع اشكال التمييز ضد المرأة بقانون رقم (66) لسنة 1986 وبموجب المادة (2) منه تمَّ التحفظ او عدم الزام العرق بالمادة (2/ الفقرة و، ز) وكذلك المادة (9) والمادة (16) والفقرة (1) من المادة (29) منه. وتم الغاء تحفظ العراق على المادة (9)

من هذه الاتفاقية بقانونٍ صدر عام 2011.

54 - أنظر المادة (8) من دستور رواندا في 4 حزيران سنة 2003 (المعدَّل في 17 حزيران 2010).

55 - أنظر المواد (82) و (90/ ف 3) و(109) من دستور رواندا بخصوص الترشيح لمنصب رئيس الجمهورية والمساواة بين المرأة والرجل وكذلك الانتخابات التشريعية.

56 - نصت المادة (116) على أنَّ مجلس الشيوخ يتألف من (26) عضواً ولمدة محددة، وإنَّ حصة النساء منه يجب أنْ لا تقل عن 30% من المقاعد.

57 - وكذلك المادة (156) بخصوص انتخاب النساء في المجالس المحلية وتحديد حصتهنَّ بـ(30%) في جميع المقاطعات الادارية